

# پەیکەری پێشمەرگە

## پەیامی کوردستانە بۆ کۆنفرانسی میونشن و پێشکەشی ئەمریکا دەکرێت



کۆنفرانسی ئەمساڵی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان، جیاواز لەهەموو ئەو کۆنفرانسانەی لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستا کە ساڵانە گرێی داون، مانایەکی تایبەتی هەیە. بە درێژایی ٥٣ ساڵی دامەزراندنی ئەم پلاتفۆرمە نێودەوڵەتییە و گرێدانی ٥٢ کۆنفرانس ئەمە یەکەمین جارە کە کۆنفرانسی ٥٣هەمینی لەژێر دروشمی (درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیست، پۆست رۆژئاوا، پۆست سیستمی جیهانی) بۆ ئاسایشی جیهان گرێدەدرێت.

ئەم سێ چەمکەی بۆتە دروشمی ٥٣هەمین کۆنفرانسی میونشن، هەڵگری زەنگێکی مەترسیدارن، نەك تەنیا بۆ ئاژاوە و پشێوی و بێ سیستمی لە جیهاندا، بەڵکو بە راشکاوانە پێمان دەڵێت کە رۆژئاوا لەسەر ئاستی: (سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، رۆژئاوا وەك هێزێکی کاریگەر پێکەوە، سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی) لەبەردەم هەڕەشەیەکی زۆر ترسناکدایەو ئەگەر هەموو لایەك پێکەوە فریانەکەوین، ئەوا قۆناخی درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیست و پۆست رۆژئاوا و پۆست سیستمی جیهانی دەست پێدەکات. ئەم مەترسییە تەنیا داکشانی هەژموون و پێگەی لایەك نییە لەبەرامبەر هەژموون و پێگەی لایەك، یان بەرەیەکی دیکەدا، بەڵکو ئەمە کۆتاییهاتنە بەو هەموو دەستکەوتەی کە مرۆڤایەتی لەماوەی ٤٠٠ ساڵی رابردووی قۆناخی رۆشنگەری بەدەستی هێناوە.

خستنەڕووی ئەم زانیارییانە، یارمەتیدەرێکی باش دەبێت، بۆ ئەوەی لەناو ئەو ژینگە ئاڵۆزەی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئایندەی ئاسایشی جیهان پێناسەی دەکات، بەشداری کوردستان بخوێنینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین و بزانین ئایا گرنگیی بەشداریی کوردستان لە کۆنفرانسێکی لەم ئاستەدا چەندە کە زیاتر لە ٢٥ سەرۆك دەوڵەت و ٨٠ لە وەزیرانی بەرگری و دەرەوە و بەشدارییان تێدا کردووە؟ یان ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: بۆچی لەگەڵ دەستپێکی شەڕی داعش و راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا، بەشداریی کوردستان لە کۆنگرەی ساڵانەی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان بەگرنگ زانراو بەفەرمی بانگهێشتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان



دەکرێت بۆ ئەوەی شان بەشانی سەرۆك دەوڵەت و حکومەتەکانی دیکە لەسەر ئایندەی ئاسایشی جیهان بەشداری ئەم کۆنفرانسە نێودەوڵەتییە بکات؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێوەندی بەو سێ چەمکەوە هەیە کە ئەمساڵ بۆتە دروشمی سەرەکیی کۆنفرانسەکە، کە ئەویش هەڕەشەی جددییە لەسەر دیموکراتی و رۆژئاوا و سیستمی جیهانی.

لە کۆنفرانسی ٥١ـەمینی میونشن کە بۆ یەکەمین جار کوردستان بەشداری تێدا کرد، گرفتی جیهان ئەوە بوو کە هیچ سەرکردەیەك ناتوانێت، پێشبینی بۆ رووداوەکان بکات، کە رووداوەکانیش روودەدەن، هیچ سەرکردەیەك ناتوانیت وەڵامدانەوەی پێویستی بۆ ئەو تەحەددییانە هەبێت کە روودەدەن، بۆیە لەناو تەواوی وڵاتان و سەرکردەکانی جیهاندا، تەنیا کوردستان و سەرۆکەکەی ئەو ئیرادەو توانایەیان پیشانی جیهاندابوو، ئەگەر نەشتوانرێت وەك خۆی پێشبینی بۆ شەڕێکی گەورەی وەك شەڕی داعش بکرێت، یان وەك خۆی پێشبینی ئەوە نەکرابێت کە کوردستان رووبەڕووی شەڕێکی گەورە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش دەبێتەوە، بەڵام کە رووبەڕووی بووینەوە، ئەوا سەرۆکی کوردستان، ئەو سەرۆکە بوو کە توانی لە ناو ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا وەڵامدانەوەی پێویست بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان و پاراستنی کوردستان دروست بکات، ئەم تایبەتمەندی و جیاوازییەی کوردستان و سەرۆکەکەی، کوردستانی کردە میوانی ٥١ـەمینی کۆنفرانسی میونشن.

سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە تەنیا بریتی نەبوو لە راگرتنی هێرشی تیرۆریستانی داعش، بەڵکو ئیرادەی پێشمەرگە سەلماندی کە پێشمەرگە دەتوانێت تەواوی خاکی کوردستان لە تیرۆریستانی داعش پاکبکاتەوەو شارێکی گەورەی وەك شنگال لە ماوەیەکی هێجگار کورت ( کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر) لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعش ئازادبکاتەوە. ئەو سەرکەوتنانەی پێشمەرگە کە لە ساڵی ٢٠١٥ بەسەر تیرۆریستانی داعش بەدەستی هێنا، جارێکی دیکە کوردستانی کردەوە میوانی ٥٢هەمینی کۆنفرانسی میونشن، بەڵام بەشداریی دووەمینی شاندی کوردستان لەو کۆنفرانسە ئەمجارەیان بۆ خستنەڕووی بۆچوون



و تێڕوانینی سەرۆكی كوردستان بوو بۆ چۆنیەتی ڕێكخستنەوەی ناوچەكەو عێراق لە دوای داعش، سەرۆكی كوردستان لە كۆنفرانسی ٥٢هەمین، ڕاشكاوانە لەمیانەی كۆبوونەوە تایبەتییەكانی لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی جیهان، ئەوەی بۆ هەموو لایەك ئاشكرا كرد كە پشتگیریكردنی كوردستان بۆ سەربەخۆیی و بوونی كوردستان بە دەوڵەتێكی سەربەخۆ هەنگاوی یەكەم و گرنگی گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری دەبێت بۆ ناوچەكەو كوردستان ئەو وڵاتەیە كە سەلماندوویەتی دەتوانێت، تیرۆریستان تێكبشكێنێت و ژینگەیەكی لەبار بۆ لێبووردەیی و پێكەوەژیانی فرەئایینی و فرەنەتەوەیی فەراهەم بكات.

ئەمساڵ جیاواز لەدووساڵی ڕابردوو، سەرۆكی كوردستان بە یاوەری شاندێك بەشداری كۆنفرانسی ٥٣ هەمینی میونشن دەكات كە ژمارەیەك لە فەرماندەكانی پێشمەرگە یاوەری دەكەن و هەورەها پەیكەری پێشمەرگە وەك سیبمولی ئازادی و بەرخۆدان و مانادانەوە بە بەهاكانی مرۆڤایەتی دیاری كوردستانە بۆ ئەو كۆنفرانسە و وەك لە چەند ڕۆژی ڕابردووش بینیمان ئەم دیارییە پێشكەشی وەزیری بەرگری ئەمریكا كرا، كە لە هەمانكاتدا بۆ كۆنفرانسی ئەمساڵ وەزیری بەرگری ئەمریكا بە چاودێر و سەرپەرشتیاری كۆنگرەكە لە قەڵەم دەدرێت و هەر ئەویش لەگەڵ وەزیری بەرگری ئەڵمانیا ڕێوڕەسمی دەستبەكاربوونی كۆنفرانسی ئەمساڵیان كردووە.

لێرەوە دەكرێت بگەڕێینەوە سەر تەوەری سەرەكیی ئەم كۆنفرانسە، كە بایەخدانە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەم ناوچەیەشی بەو جۆرە وەسف كردووە كە خەریكە وەك ناوچەیەكی دوای ڕۆژئاوا خۆی دەخاتەڕوو، ئەمەش بەو مانایەی خەریكە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە ئەو ناوچەیەی كە نە سیستمی جیهانی و نە ڕۆڵی ڕۆژئاوا بە هیچ جۆرێك كاریگەری لەسەر نابێت.

بەڵام وێڕای ئەوەی كوردستان بەشێكە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، كەچی كوردستان ئەو جوگرافیا جیاوازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە كە تیایدا پێشمەرگە توانیویەتی جارێكی دیكە هەموو ڕۆژئاوا لە كوردستاندا پێكەوە كۆبكاتەوە و پێكەوە بەرنامە بۆ تێكشكاندنی تیرۆریستانی داعش دابڕێژن و پێكەوە شانازی



بە سەرکەوتنەکانی مرۆڤایەتی و جیهانی ئازاد بەسەر تیرۆریستاندا بکەن.

لایەنێکی دیکە کە بۆتە مەترسی لەسەر سیاسەتی دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی لە رۆژئاوا، بریتییە لە درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیست، ئەم پەتایە لە کوردستانیش بوونی هەیە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانیویەتی و سەرکەوتوو بووە لەوەی سنوورێکی تەواو بۆ پۆپۆلیستەکان دابنێت و خۆی تێکەڵاوی ئەو ژینگەیە نەکات، هەروەها رێگەی نەدا درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیستەکان سەقامگیریی کوردستان بشێوێنێت، لەمەش زیاتر لە ٢٠ی دیسمبەری ٢٠١٦ دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگە توانی دوایین خاڵی ئامانجەکانی خۆی لە چوارچێوەی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ ئازادبکات، سەرۆکی کوردستان بەئاشکرا پەردەی لەسەر درۆ و چەواشەکارییەکانی پۆپۆلیستەکان هەڵماڵی و رایگەیاند ئەو بۆمب و لوغمانەی تیرۆریستانی داعش بۆیان دانابووین، پێشمەرگە توانی هەموویان پووچەڵ بکاتەوە، بۆیە بە راشکاوی ئاماژەی بەوە کرد، ئەو لوغمە سیاسییانەش کە پۆپۆلیستەکان لەناو پرۆسەی سیاسی دایدەنێن، ئەوانیش بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان پووچەڵ دەکرێتەوە و رێگە نادەین کە ئیرهابی فیکری لە کوردستان درێژەی هەبێت. ئەمەش بەو مانایەی بوار نەدرێت درۆ و چەواشەکاری جێگەی سیاسەت بگرێتەوە، یان درۆ و چەواشەکاریی تیرۆریستان وەك راستی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

کەواتە ئەگەر پەیکەری پێشمەرگە بکرێتە دیاری کوردستان بۆ ئەم کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەی تایبەت بە ئاسایشی جیهان، ئەوە ئەمە مانای ئەوەیە، پەیامی شاندی کوردستان بۆ ئایندەی ئاسایشی جیهان ئەوەیە کە دەبێت جیهان بیر لە دروستکردنی هێزێکی هاوشێوەی پێشمەرگە بکاتەوە کە توانای ئەوەی هەیە لەسەر زەوی تیرۆریستان تێکبشکێنێت، لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی دەوڵەتیش توانای ئەوەی هەیە سنوور بۆ درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیستەکان دابنێت و رێگەنادات کە ژینگەیەکی درۆ و چەواشەکاریی ئەوتۆ دروست بێت، کە ببێتە نەوایەکی ئارام و شێدەر بۆ گەشەی فیکری توندڕۆیی و بەرهەمهێنانی تیرۆریستان.


msc
msc



# کوردستان

## جوگرافیا جیاوازەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی - ٢٠١٧**

**ئاسایشی نێودەوڵەتی لەبەردەم هەڕەشەکانی**
**درۆی پۆپۆلیست و قۆناخی پۆست ڕۆژئاوا و پۆست سیستمی جیهانی**




**● ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنفرانسی میونشن به هاوبەشیی ئەڵمانیاو ئەمریکا**

ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنفڕانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان - ٢٠١٧، بۆ یەکەمین جار بە هاوبەشی لەلایەن ئۆرسۆلا ڤۆن دیرلاین وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا و جیمس ماتیس وەزیری بەرگریی ئەمریکا کرایەوە، لەمەش زیاتر خاتوو ئۆرسۆلا لە گوتاری دەستپێکی کۆنفڕانسەکەدا ئاماژەی بەوەکرد کە دەبێت هەموولایەکمان پێکەوە شان بدەینەبەر دابەشکردنی باری قورس (bur-den sharing) بۆ دابینکردنی ئاسایش لەجیهاندا، لەبەرامبەریشدا هەر لە دەستپێکی ڕێوڕەسمی کۆنفرانسەکە جیمس ماتیس وەزیری بەرگریی ئەمریکا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، دابینکردنی ئاسایش کارێکی دەستەجەمعییە و دەبێت هەموو لایەك بەشداری تێدا بکات.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا کردنەوەی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان بە هاوبەشی لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەمریکا چ مانایەکی تازەی لێدەخوێندرێتەوە؟ ئایا ئەم کۆنفڕانسە ویستی لەمیانەی ڕێوڕەسمی کردنەوەیدا چ پەیامێك بە جیهان بدات؟ ئەگەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کە بۆ کۆنفڕانسی ٢٠١٧ ئامادەکراوە،

«لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانەوە، هیچ کاتێک وەک ئێستا ژینگەی ئاسایشی نێودەوڵەتی پێشێلکاری بەخۆیەوە نەبینیوە، بەشێکی زۆر گرنگیی کۆڵەگە سەرەکییەکانی رۆژئاوا و سیستمی لیبڕاڵی نێودەوڵەتی لاواز بوون. فرەیی کۆمەڵگەی کراوە کەوتە بەر هێرش و پەلاماردان. ئەوە راستییەکی ئاشکرایە کە دیموکراتییە لیبڕاڵەکان لەبەردەم شالاوی درۆ و چەواشەکاری پۆپۆلیستەکان لاواز بوون و دەکرێت بڵێین لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا چووینە قۆناخی دوای راستی (Post-Truth).
هاووڵاتیانی دەوڵەتانی لیبڕاڵ دیموکراتی قەناعەتیان لاواز بووە بەوەی سیستەمە سیاسییەکەیان توانای ئەوەی هەبێت وەڵامێکی ئەرێنییان بداتەوە، بۆیە ئێستا چارەسەری نەتەوەیی و داخستنی سنوورەکان بە رووی گلۆبالیزم و کرانەوەدا، بە باشتر دەزانن. سیستمە نالیبڕاڵەکان جێ پێی خۆیان قایم کردووەو بەدڵنیاییەوە هەنگاو دەنێن، لەبەرامبەردا تواناو ئامادەیی سیستمە لیبڕاڵەکان بۆ فۆرمەلەکردنی سیاسەتی کاروباری نێودەوڵەتی و بەرگریکردن لە بنەما سەرەکییەکانی سیستمی لیبڕاڵی نێودەوڵەتی (Liberal International Order) بەرەو داکشان دەچێت.
وا دەردەکەوێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک دابینکەری پێداویستییەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەرەو سیاسەتێکی زیاتر ناسیۆنالیستی و گۆشەگیر هەنگاو هەڵدەگرێت.
بۆیە ئەم ئاراستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات کە بڵێین: پێدەچێت بەرەو قۆناخی پۆست رۆژئاوا هەنگاو هەڵبگرین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەبینین کە کاراکتەری غەیرە رۆژئاوایی فۆرمەلەی سیاسەتی کاروباری نێودەوڵەتی دەکات، لە زۆر حاڵەتەدا بە هاوشێوەی رۆژئاوا ئەو رۆڵە دەگێڕێت، یان لەسەر حیسابی ئەو دەوڵەتانەی کە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییەوە بناخەی ئەم سیستەمە لیبڕاڵییە نێودەوڵەتییەیان دامەزراندووە. بۆیە ئەم واقیعەی ئێستا ئەو پرسیارە دەورووژێنێت: ئایا ئێسا جیهان پێی ناوەتە قۆناخی پۆست سیستمی جیهانی؟ ئایا لەماوەی سالآنی داهاتوو چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە دەدرێتەوە؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەکەوێتە سەرشانی هەموولایەکمان.»

- بالیۆز والفگانگ ئیشنگر
- سەرۆکی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاشایشی جیهانی – شوباتی ٢٠١٧

ئەوا ئەو راپۆرتە پێمان دەڵێت: ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بە دوو جۆر پێناسەی هاوپەیمانیی ئەتڵەسی (ناتۆ) کردووە، لەلایەك پێیوایە ئەم هاوپەیمانییەی ناتۆ (ماوەی بەسەر چووە)، ئەمەش بەو مانایەی هێندەی ئەو بڕە پارەیەی ئەمریکا بۆ دابینکردنی ئاسایش لە رێگەی ئەم هاوپەیمانییەوە تەرخانی دەکات، هێندە سوودی بۆی نەبووە. لەلایەکی دیکەوە هەر ئیدارەی ترەمپ، هاوپەیمانیی ئەتڵەسی (ناتۆ)ی بە گرنگ وەسفکردووە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر هاوپەیمانیی ئەتڵەسی (ناتۆ) لەسەر ئەو بنەمای ئاسایش و هاوبەشیی دەوڵەتانی هەردوو بەری ئەتڵەسی رێکبخرێتەوەو هەموو دەوڵەتانی ئەندامی ئەو هاوپەیمانییە بەشداری بکەن لەدابینکردنی بودجەی ئەو هاوپەیمانییە، ئەوا ناتۆ گرنگە بۆ دابینکردنی ئاسایشی جیهان و پێویستە بمێنێتەوە.

کەواتە لەسەر بنەمای ئەو پێناسەیەی ئیدارەی ترەمپ بۆ ناتۆی کردووە، ئۆرسۆلا ڤۆن دیر لاین وەزیری بەرگری ئەڵمانیا لە گوتاری کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا رایگەیاند کە دەوڵەتانی ئەوروپای ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆ، ئامادەن بە هاوبەشی شانبدەنەبەر خەرجییەکانی ناتۆ و بە تەنیا بارقورسیی (burden sharing)

**زۆربەی سەرکردەکانی ئەوروپا (پێش ئەوەی دۆناڵد ترەمپ دەستبەکاربێت، هۆشداری ئەوەیان داوە کە ئەو بنەما سەرەکییانەی سیستمی نێودەوڵەتی و ئاسایشی ئەوروپای لەسەر دامەزراوە، بە رێککەوتنی نێوان رووسیا و ئەمریکا هیندەی ئەگەری هەڵایسانی شەڕێکی دیکە خۆش دەکات، هیندە نابێتە هۆکارێک بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە جیهاندا**

**رووسیا تەنیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان سووریا، بنەماکانی ئاسایش و سیستمی جیهانی پێشێل نەکردووە، بەڵکو لە ئۆکرانیاش کۆمەڵێک پرانسیپی گرنگی ئاسایشی ئەوروپای پێشیلکردووەو ئەو سزایانەشی لەسەر ئەو رەفتارانەی خرایە سەر رووسیا، نەک هەر کاریگەری لەسەر رووسیا نەبووە، بەڵکو بوونە فاکتەری ئەوەی کە رووسیا یەک خاڵی رێککەوتنی (مینسک) جێبەجێ نەکات**

دابینکردنی بودجەی ناتۆ بۆ ئاسایشی جیهان لەسەر شانی ئەمریکا نەبێت.

ئەوەی لەم کۆنفرانسەدا بە هەڕەشەی جددی و مەترسیدار لەسەر رۆژئاوا لەقەڵەم دراوە، قۆناخی پۆست رۆژئاوایە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر هاوپەیمانیی ناتۆ کۆتایی بێت، ئەوە کۆتایی رۆژئاوایەو چیدیکە رۆژئاوا بەتایبەتی ئەوروپا ناتوانێت وەك هێزێکی یەکلاکەرەوە رۆڵی خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهان و دابینکردنی ئاسایشی جیهان بگێڕێت.

بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا بە نەمانی ناتۆ ئەمریکا دەتوانێت بانگەشە بۆ سەرکردایەتی جیهان، یان دابینکردنی ئاسایش لە جیهاندا بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەڵکەوتەی جیۆپۆلیتکی ئەمریکا دەیداتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا لە هەردوو کیشوەری ئەمریکای باکوور و باشوور، هەروەها لە هەردوو ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و ئارام، رووبەڕووی هیچ هەڕەشەیەکی هێزێکی گەورەی ئەوتۆ نابێتەوە، وەك ئەوەی ئەوروپا لە نەمانی ناتۆدا رووبەڕووی هێزێکی گەورەی وەك رووسیا دەبنەوە، کە ئێستا رووسیا بە ئاشکرا لە سنووری یەکێتی ئەوروپا بوونی هەیەو بە ئاشکراش هەڕەشە لە دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا دەکات کە ئۆکرانیا نموونەیەکی بەرچاوە. ئەمەش مانای ئەوەیە هێندەی یەکێتی ئەوروپا پێویستی بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا هەیە، ئەمریکا بەو ئاستە پێویستی بە هاوپەیمانی یەکێتی ئەوروپا نییە، بەتایبەتی لەچوارچێوەی ئەو ستراتیژیەتەی ئیدارەی ترەمپ کە ناوی لێناوە باڵادەستی لە نیوەی رۆژئاوای گۆی زەوی (new Hampshire) و هاوبەشی و شەراکەت لە نیوەی رۆژهەڵاتی گۆی زەوی. لەم حاڵەتەدا ئەمریکا بەتەنیا دەتوانێت سەرکردایەتی نیوەی رۆژئاوای گۆی زەوی بکات و لەنیوەکەی دیکەشی ئەو توانایەی هەیە کە هاوسەنگی خۆی و هاوسەنگی نێوان هێزەکانی دیکەش رابگرێت.

لێرەوە کۆنفرانسی میونشن هەر لە رێوڕەسمی کردنەوەی کۆنفرانسەکە دەیەوێت ئەوە بە جیهان بڵێت کە ئامانجی ئەم کۆنفرانسە ئەوەیە جارێکی دیکە پێناسەی ئاسایشی جیهان بکاتەوە لەبەر رۆشنایی هاوپەیمانییەکی نوێ لەگەڵ ئەمریکا و دووبارە خۆڕێکخستنەوە بۆ ئەوەی رۆژئاوا رۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە چارەسەری کێشە نێودەوڵەتییەکان بگێڕێت و جارێکی دیکە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی بپارێزن کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی دەوڵەتانی دیموکراتی لیبراڵی بناخەیان بۆ داڕشتووەو دایانمەزراندووە.

لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم کۆنفرانسە مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو کارتانەی دۆناڵد ترەمپ لەبەردەستیەتی و دەیەوێت لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بەکاری بهێنێت، سەبارەت بەم پرسەش راپۆرتی ئامادەکراوی کۆنفرانسەکە ئاماژە بەوە دەکات، کێشەی مامەڵەکردن لەگەڵ کارتەکانی دەستی ترەمپ ئەوەیە کاتێك ئێمە یاری دەکەین، ترەمپ کارتەکانی دەستی ئێمە دەبینێت و نازانێت ئەو یاری بە چ کارتێك دەکات، بەتایبەتی کە دۆناڵد ترەمپ رایگەیاندووە کە ئەو وەك سەرۆکی ئەمریکا ئامادە نییە تەفسیری هیچ پلانێکی تایبەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بکات، ئەم لێدوانە وەك راپۆرتەکە جەختی لەسەر دەکاتەوە، بۆ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا هەم جۆرێکە لە ئومێد و هەمیش جۆرێکە لە نیگەرانی، ئومێدەکە ئەوەیە دۆناڵد ترەمپ هەوڵدەدات پارێزگاری بە ژمارەیەك بژارەی بەردەستی بکات و جۆرێك لەبواری بۆ کۆمپرۆمایز هێشتۆتەوە، بەڵام لایەنە نیگەرانییەکەی ئەوەیە کە دۆناڵد ترەمپ زۆر جار لەسەر بنەمای چارەسەری رووکەش و قازانجی خێرا هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەمەش واتە ستراتیژەکەی دەبێت جۆرێك لەگەمەی (کۆی سفر- Zero-sum game)، ئەمەش واتە هاوپەیمانە دێرینەکان فەرامۆش دەکات و بیر لە هاوپەیمانی تازە دەکاتەوە، ئەمەش خراپە و جۆرێك لە نیگەرانی دروست دەکات.

بەڵام وەك لە رۆژانی کۆنفرانسەکە و لەمیانی لێدوانی بەرپرسانی ئەمریکا لە کۆنفرانسەکە گوێبیستی بووین، هەست بەوە دەکرێت ئەگەر دەوڵەتانی ئەوروپا ئامادەبن قورسیی خەرجییەکانی ناتۆ لەگەڵ ئەمریکا دابەش بکەن، یان هاوبەشیی ئەمریکا وەك پێویست بکەن لەدابینکردنی بودجەی پێویست بۆ دابینکردنی ئاسایش لەجیهاندا، ئەوا ئەمریکا ئەو نییەتەی نییە لە ئەوروپا دوور بکەوێتەوەو ئامانجی سەرەکی ئەوەیە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەوروپا، هەم شکۆ

و هەیبەتی ڕۆژئاوا بگێڕێتەوە، هەمیش ڕێگە نەدات سیستمی جیهانی بەو ئاستە کۆتایی بێت کە بڵێن گەیشتووینەتە قۆناخی پۆست سیستمی جیهانی لە ئێستادا.

### ● درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیست وەك مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی

لە ساڵی ٢٠١٥وە ڕێکخەرانی کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی، ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل و پڕ زانیاری لەسەر کۆنگرەکە ئامادە دەکەن و ئەم ڕاپۆرتە دەبێتە نەخشەی ڕێگە بۆ ئەو باسانەی کە دەبنە هەڕەشەی جددی لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ ئەمساڵ ڕاپۆرتەکە سێ مەترسیی سەرەکی دیار کردووە کە بریتین لە (درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیست (Post Truth)، پۆست ڕۆژئاوا (Post Western)، پۆست سیستمی جیهانی (Post Order). ئەوەی لە دانانی ئەم سێ چەمکە بۆ ناونیشانی کۆنگرەیەکی هاوشێوەی کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایشی جیهانی جێگەی هەڵوەستەکردنە، دەرکەوتنی دیاردەی درۆ و چەواشەکاری سیاسەتمەدار و سەرکردە و حزبە پۆپۆلیستەکانە وەك هەڕەشەیەکی مەترسیدار لەسەر دیموکراتی لیبراڵی و سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی، سەبارەت بەم مەترسییە لە ڕاپۆرتەکەی میونشندا هاتووە: «لە ڕۆژئاوا و وڵاتانی دیکەش، جیهان ڕووبەڕووی سەردەمێکی نالیبراڵی (illiberal) دەبێتەوە و ئەم هێزانە لە ناوخۆی وڵاتدا گۆڕەپانی سیاسەتیان داگیرکردووە و بەهۆی دەرکەوتنی پۆپۆلیستەوە ڕۆژئاوا دوچاری کێشەیەکی گەورە بۆتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پۆپۆلیستەکان دژی هەموو کۆڵەگەو ئەو توخمە سەرەکییانەن کە سیستمی لیبراڵیی ڕۆژئاوای لەسەر بونیاد نراوە. پۆپۆلیستەکان زۆر شارەزان لە سیاسەتی درۆکردن و هاندانی خەڵك لەسەر بنەمای درۆ، لەمەش زیاتر بڕوایان بە کەلتووری مۆدێرنە نییەو بەرەو بە سیاسەتی چەواشەکاری دەدەن و زۆر جاران ڕاستییەکان هەڵدەگێڕنەوە، یان لەسەر بنەمای ئەوەی خۆیان بڕوایان پێیەتی قسە بۆ جەماوەر دەکەن، بەمەش مەزلوومییەتی دەنگدەران ئیستغلال دەکەن و لەلایەن دەنگدەرانیشەوە سزا نادرێن کە نەیانتوانیوە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بخەنەڕوو. لەسەر ئاستی دەرەوەش سیستمە نالیبراڵەکان تەحەددایەکی گەورەی سیستمی لیبراڵیی ڕۆژئاوا دەکەن و هەوڵیانداوە ڕووی ڕووناکی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و سیستمی جیهانی چەواشە بکەن و بە تاریکی پیشانی بدەن. لەمەش زیاتر دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی ڕۆژئاواش بە ئاشکرا هەست بە بێ توانایی خۆیان دەکەن کە ناتوانن چارەسەرێکی کاریگەرو چالاك بۆ کێشە نێودەوڵەتییەکان بدۆزنەوە، بۆ نموونە کێشەی سووریا».

ئەگەر سەرنج لەو دەستنیشانکردنە ورد و بەرزەی ڕاپۆرتەکەی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان بدەین، ئەوا ڕاپۆرتەکە ئەو ڕاستییەی بە ڕاشکاوی بۆ هەموو جیهان ئاشکراکردووە، کاتێك درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیست دەبێتە بەشێك لە سیاسەتی هەر وڵاتێکی دیموکراتی، ئەوا سیستمەکە و دامەزراوەکانی ئەو وڵاتە پەکی دەکەوێت و ژینگەیەکی ترس و درۆی ئەوتۆ دروست دەبێت کە هاووڵاتیان لە سیستمی سیاسیی خۆیان بە گومان بن. ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی سیستمی سیاسی و دامەزراوەکانی وڵات نەتوانن بە ئاستی چاوەڕوانیی هاووڵاتیان، وەڵامی خۆیان لە حکومەت و سیستمە سیاسییەکەی خۆیان وەربگرن.

لەلایەکی دیکەوە ئەمە یەکەمینجارە لەسەر ئاستی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی و ئەکادیمی و سیاسی جیهانی وەك کۆنگرەی میونشن بە ڕاشکاوی ئەو ڕاستییە ئاشکرا بکرێت کە حزب و سەرکردە پۆپۆلیستەکان، دژی هەموو بنەماکانی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و دژی کەلتووری مۆدێرنەن و ئامانجیان ئەوەیە هەموو ئەو کۆڵەگە و توخمانە ژێرپێ بنێن کە سیستمی دیموکراتی و لیبراڵی و قۆناخی مۆدێرنیتەی لەسەر بونیادنراوە.

پێدانی ئەولەوییەت بە مەترسیی (درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیست) لەسەر شکۆی دەوڵەت و ئایندەی هەموو نەتەوە ئازادەکانی جیهان، ئەمە مانای ئەوەیە بەرەودان بە سیاسەتی درۆ و چەواشەکاری باشترین ژینگەیە بۆ گەشەکردنی فیکری تیرۆریستی و توندڕۆیی لە ڕۆژئاوا، بەدیوێکی دیکەدا ئەم ڕاپۆرتە پێمان دەڵێت: (درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیستەکان لە

**ئەورووپا دوودڵە لەوەی هیچ هەنگاوێك بۆ چارەسەری کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و سووریا بەتایبەتی هەڵبگرێت و ئەمریکاش خۆی خستۆتە لاوە، بەمەش بۆشاییەك دروست بووەو بەئاسانی لەلایەن لایەنەکانی دیکە (ڕووسیا) پڕکراوەتەوە**

**ناتۆ دەستەوەستانە لە ئاستی چارەسەرکردنی کێشەی سووریا و ئەوەی ناتۆ پێی وابوو (هیچ چارەسەرێکی سەربازی بۆ کێشەی سووریا نییە)، بەڵام ئەوەتا ڕووسیا دەستتێوەردانی سەربازی کردو توانی بەشار ئەسەد لەدەسەڵاتدا بهێڵێتەوە و سەرکەوتنی سەربازی بەدەست بهێنێت**


**لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٧ ی کۆنگرەی میونشن ئەولەوییەت دراوە بە مەترسیی سیاسەتی درۆ و چەواشەکارانەی پۆپۆلیست وەك دیاردەیەکی ترسناکتر لەوە مەترسییانەی تیرۆریستانی داعش لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دروستی دەکات**



مەترسیی فیکری تیرۆریستی داعش ترسناکترە)، سەبارەت بەم مەترسییە سەرۆکی پێشووی ئەڵمانیا یواخیم گاوك لە گوتاری کۆتاییهاتنی پۆستەکەی جەخت لەسەر ئەم مەترسییە لەسەر دیموکراتییەکانی رۆژئاوا دەکاتەوە و دەڵێت: (گرنگە ئەوەمان لەیاد بێت، کاتێك شتێك وەك راستی وەردەگرین، یان پێمانوایە راستییە، ئەگەر نیوەڕاستی بێت، یان تەفسیرێکی چەواشەکارانە بێت لەبەر رۆشنانی تیۆری پیلانگێڕیدا، هەموو ئەمانەش وەك راستی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، ئەوا رێگە بۆ سەرکەوتنی دیماگۆژییەکان و ئۆتۆکراتەکان تەخت دەبێت و بەئاسانی دەگەنە دەسەڵات).

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: بۆچی راپۆرتی کۆنگرەی میونشن، ئەولەوییەتی داوە بە مەترسیی سیاسەتی درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیستەکان، بەڵام ئەولەوییەتی نەداوە بە مەترسیی بڵاوبونەوەی فیکری داعش لە ژینگەی سیاسیی ئەوروپای رۆژئاوادا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە بەچەند خاڵێك هەڵوەستەی لەسەر دەکەین:

١. لەساڵی ٢٠٠٧ـەوە وڵاتانی رۆژئاوا بە ئەمریکاشەوە رووبەڕووی هەڵاوسانێکی گەورەی ئابووری بوونەتەوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی داهاتی تاکەکەس لە ٢٠٠٧ تا ئێستا، ئەگەر بەرەو خوارەوە داشکانی بەخۆیەوە نەبینیبێت، ئەوا بۆ سەرەوەش هەڵنەکشاوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتی هەست بە مەغدوورییەت بکات، ئەم مەغدوورییەتە لەلایەن پۆپۆلیستەکانەوە قۆزتراوەتەوە بۆ دژایەتیی دیموکراتی و دروشمی دژایەتی دژی هاتنی کۆچبەران بۆ رۆژئاوا، بەبێ ئەوەی پۆپۆلیستەکان هیچ هەوڵێکیان دابێت، یان بەشداری بکەن لە چارەسەرکردنی ئەو هەڵاوسانە ئابوورییەی کە رووبەڕووی



رۆژئاوا بۆتەوە، بەڵکو کاریان لەسەر ئەوە کردووە، هەڵاوسانی ئابووری بەکاربهێنن بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان، ئەوجا لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا هەڵاوسانی ئابووری بوونی هەیە، ئەوا پۆپۆلیستەکان ئەم راستییەیان چەواشەکردووە بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان، هاوکات لەگەڵ راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبیش لە ٢٠١١ کە هۆکاری سەرەکیی ئەو خۆپیشاندانانە دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانی و کەمتەرخەمیی رژێمە عەرەبییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا باڵی سەلەفی جیهادی قیتالی لەناو رەوەندی عەرەبی لە رۆژئاوا ژینگەیەکی لەباری بۆ دروست بوو کە دروشمی (ئیسلام چارەسەرە لەبری دیموکراتی) بەرزبکاتەوە، لەمەش زیاتر بە سوودوەرگرتن لە لاساییکردنەوەی پۆپۆلیستەکانی رۆژئاوا دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین لەچوارچێوەی یاساکانی ئازادی رادەربڕین و چالاکیی سیاسیی سیستمی لیبراڵ دیموکراتیدا و بە ئاشکرا دروشمی (شەریعەت بۆ بەریتانیا و هۆڵەندا و فەرەنسا و ئەڵمانیاو .. هتد) بەرز بکەنەوە، لەمەش زیاتر باڵی سەلەفی جیهادی قیتالی توانی لەم ژینگە لەبارەدا، تیرۆریست و توندڕۆی ناوخۆ لە ئەورووپا دروست بکات و رەوانەی سووریا و عێراق و لیبیایان بکات بۆ ئەوەی بچنە ریزەکانی داعشەوە.

٢. بەشێکی زۆر لە بیرمەندان و توێژەران کە کار لەسەر سەرهەڵدانی فیکری توندڕۆیی سەلەفی جیهادی قیتالی لە رۆژئاوا دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لەدوای راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١وە، ئاراستە و شێوازی کارکردنی باڵی سەلەفی قیتالی لە رۆژئاوا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، پێش ئەم بەرواره شێوازی کارکردنی باڵی سەلەفی جیهادی لە رۆژئاوا شێوازێکی هەرەمی ستوونی هەبووە، ئەمەش واتە ئەندامانی لایەنە سەلەفییەکان مەرجەعێکیان هەبووەو لەو مەرجەعەوە رێنماییان بۆ دەهاتەخوارەوە، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠١١ شێوازی کارکردنی سەلەفییە جیهادییەکان گۆڕاوە بۆ شێوازێکی ئاسۆیی، ئەمەش واتە هەر ئەندامێکی ناو تەیاری سەلەفی جیهادی جێگەی مەرجەعەکەی پێشووی گرتۆتەوە و رێنمایی و فەتوای خۆی بە گرووپەکەی خۆی داوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان نەتوانن بە ئاسانی چاودێری ئەو خەڵکە توندڕۆیانە بکەن و ئەوانیش بەئاسانی گەشە بکەن، هەروەها بە ئاسانی کاری تیرۆریستی لە وڵاتانی رۆژئاوا ئەنجام بدەن، تیرۆریستەکانیش هەموو ئەم کارو چالاکییانەی خۆیان لەناو ئەو ژینگە ئاڵۆزەی دژ بە دیموکراتییە بشارنەوە کە پۆپۆلیستەکان دروستیان کردووە. لەمەش زیاتر جارێکی دیکە پۆپۆلیستەکان، دەرهاویشتەی گەشەسەندنی فیکری سەلەفی جیهادییان لە ئەورووپا و رۆژئاوا بەکارهێناوەتەوە بۆ دژایەتی کۆچبەران و داخورانی بنەماکانی مۆدێرنە و لیبراڵیزم لە رۆژئاوادا.

کەواتە ئەوەی ئەم راپۆرتە پێمان دەڵێت و هۆشداریمان سەبارەت بە مەترسییەکانی درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیست لە کۆمەڵگە

**لە هەر کۆمەڵگەیەکدا درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیست بووە بەشێک لە سیاسەتی ئەو وڵاتە، ئەوا ژینگەیەکی لەبار لەو کۆمەڵگەیە دروست دەبێت بۆ گەشەکردنی فیکری توندڕۆیی و زەمینەخۆشکردن بۆ کاری تیرۆریستی**

**لەدوای ساڵی ٢٠١١ شێوازی کارکردنی سەلەفییە جیهادییەکان گۆڕاوە بۆ شێوازێکی ئاسۆیی، ئەمەش واتە هەر ئەندامێکی ناو تەیاری سەلەفی جیهادی جێگەی مەرجەعەکەی پێشووی گرتۆتەوە و رێنمایی و فەتوای خۆی بە گرووپەکەی خۆی داوە**

**لەگەڵ راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبیش لە ٢٠١١ کە هۆکاری سەرەکیی ئەو خۆپیشاندانانە دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانی و کەمتەرخەمیی رژێمە عەرەبییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا باڵی سەلەفی جیهادی قیتالی لەناو رەوەندی عەرەبی لە رۆژئاوا ژینگەیەکی لەباری بۆ دروست بوو کە دروشمی (ئیسلام چارەسەرە لەبری دیموکراتی) بەرزبکاتەوە**

**کاتێک درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیست دەبێتە بەشێک لە سیاسەتی هەر وڵاتێکی دیموکراتی، ئەوا سیستمەکە و دامەزراوەکانی ئەو وڵاتە پەکی دەکەوێت و ژینگەیەکی ترس و درۆی ئەوتۆ دروست دەبێت کە هاووڵاتیان لە سیستمی سیاسیی خۆیان بە گومان بن**

پێدەدات، ئەوەیە کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا درۆ و چەواشەکاریی پۆپۆلیست بووە بەشێك لە سیاسەتی ئەو وڵاتە، ئەوا ژینگەیەکی لەبار لەو کۆمەڵگەیە دروست دەبێت بۆ گەشەکردنی فیکری توندڕۆیی و زەمینەخۆشکردن بۆ کاری تیرۆریستی، هەر بۆیەشە لە راپۆرتی ساڵی ٢٠١٧ ی کۆنگرەی میونشن ئەولەوییەت دراوە بە مەترسیی سیاسەتی درۆ و چەواشەکارانەی پۆپۆلیست وەك دیاردەیەکی ترسناکتر لەو مەترسییانەی تیرۆریستانی داعش لە کۆمەڵگەی رۆژئاوا دروستی دەکات. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم کۆنگرەیە ساڵانە وەك پلاتفۆرمێك قسە لەسەر ئەو سیاسەتەی ئاسایشی جیهانی دەکات، لە ئێستاشدا گەورەترین مەترسی لەسەر کۆتاییهاتنی رۆژئاوا و کۆتاییهاتنی سیستمی نێودەوڵەتی، ئەو ژینگە ناتەندروست و ترسناکەیە کە پۆپۆلیستەکان لە سیستمە لیبڕاڵ دیموکراتەکاندا دروستیان کردووە.

**سیستمە نالیبڕاڵەکان تەحەددایەکی گەورەی سیستمی لیبڕاڵیی رۆژئاوا دەکەن و هەوڵیانداوە رووی رووناکی سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی و سیستمی جیهانی چەواشە بکەن و بە تاریکی پیشانی بدەن**

## ● تورکیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرنامەی کۆنفرانسی میونشندا

لە راپۆرتەکەی کۆنفرانسی میونشن تورکیا لەژێر تایتلی (تورکیا: تۆماری کودەتا) باسکراوە هەروەها رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەژێر تایتڵی (رۆژهەڵاتی ناوەڕاست: دەستتێوەردانەکان)، سەبارەت بە تورکیا راپۆرتەکە ئاماژە بەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ناوخۆی تورکیا دەکات، دوای کوتادەکەی تەمموزی ٢٠١٦ کە حکومەتی تورکیا و سەرۆك ئەردۆگان بەبێ رەچاوکردنی هیچ پرانسیپێکی دیموکراتی، یان پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا، ئەوەی ویستوویەتی دوای ئەنجامدانی کودەتاکە کردوویەتی، سەبارەت بەم رەفتارانەی تورکیاش، راپۆرتەکە ئاماژەی بە قسەیەکی راشکاوانەی رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا کردووە کە لەوەڵامی رەخنەکاندا گوتوویەتی: (گرنگ نییە پێم دەڵێن دیکتاتۆر، یان هەر شتێکی دیکە، ئەم قسانە لەم گوێیەم دەیبیستم و لەو گوێیەی ترم دەچێتە دەرەوە)، ئاماژەکردنی راپۆرتەکە بەم قسەیەی ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا مانای ئەوەیە لەو کاتەی تورکیا بەرەو سەدساڵەی دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێ لە ٢٠٢٣ هەنگاو هەڵدەگرێت، گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کەچیتر تورکیا بە سیستمی دیموکراتی بەڕێوەناچێت و هەنگاو بۆ ئاراستەیەکی دیکەی حوکمڕانی هەڵدەگرێت، بەتایبەتیش کە ئەم رەفتارانەی دوای کودەتاکە بەتەواوەتی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا دوور خستۆتەوە، تورکیاش لە بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا نائومێد بووە.

**پۆپۆلیستەکان زۆر شارەزان لە سیاسەتی درۆکردن و هاندانی خەڵک لەسەر بنەمای درۆ، لەمەش زیاتر بڕوایان بە کەلتووری مۆدێڕنە نییەو برەو بە سیاسەتی چەواشەکاری دەدەن و زۆر جاران راستییەکان هەڵدەگێڕنەوە، یان لەسەر بنەمای ئەوەی خۆیان بڕوایان پێیەتی قسە بۆ جەماوەر دەکەن**

تورکیا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەشی کۆمەڵێك هەنگاوی تازەی هەڵگرتووە، بەتایبەتی نزیکبوونەوە و رێککەوتنی لەگەڵ رووسیا کە ئەمەش بەو مانایە ئاماژەی پێکراوە کە تورکیا خەریکە لە ناتۆ دوور دەکەوێتەوە، یانیش تورکیا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا بە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ رووسیا (نەك وەك ئەندامێکی ناتۆ) دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی لەشەڕی سووریا یەکلایی بکاتەوە، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ناتۆ دەستەوەستانە لە ئاستی چارەسەرکردنی کێشەی سووریا و ئەوەی ناتۆ پێی وابوو (هیچ چارەسەریکی سەربازی بۆ کێشەی سووریا نییە)، بەڵام ئەوەتا رووسیا دەستتێوەردانی سەربازی کردو توانی بەشار ئەسەد لەدەسەڵاتدا بهێڵێتەوە و سەرکەوتنی سەربازی بەدەست بهێنێت.

سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش راپۆرتەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە ئێستادا بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ئەوە دەچێت کە قۆناخی پۆست رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربکەوێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەورووپا دوودڵە لەوەی هیچ هەنگاوێك بۆ چارەسەری کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و سووریا بەتایبەتی هەڵبگرێت و ئەمریکاش خۆی خستۆتە لاوە، بەمەش بۆشاییەك دروست بووەو بەئاسانی لەلایەن لایەنەکانی دیکە (رووسیا) پڕکراوەتەوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئایا رووسیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سووریا دەستتێوەردانی کردووە؟ یان لەو کاتەی هەستی کرد خەریکە رژێمی بەشار ئەسەد دەڕووخێت، دەستتێوەردانی سەربازی کرد؟ لەمەش زیاتر ئایا کاتێك رووسیا دەستتێوەردانی سەربازی لە سووریا ئەنجامدا، بۆ ئەوە بوو لە تیرۆریستانی داعش بدات، یان یەکەمجار ئۆپۆزسیۆنی سووریای بۆردوومان کرد؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە واقیعی شەڕی سووریا دەیداتەوە

و بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە رووسیا کاتێک دەستتێوەردانی سەربازی کرد کە رژێمی بەشار ئەسەد لەسەر لێواری رووخاندا بوو، هەر بۆیە هێزە سەربازییەکانی رووسیا پێش ئەوەی لە تیرۆریستانی داعش بدەن، لە ئۆپۆزسیونی سووریایان دا بۆ ئەوەی رێگە نەدەن رژێمی بەشار ئەسەد بڕووخێت، ئەم دەستتێوەردانە سەربازییەی رووسیا لە کاتێکدا بوو کە دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ بە راشکاوی رایاندەگەیاند ( هیچ چارەسەرێکی سەربازی بۆ کێشەی سووریا بوونی نییە)، بەڵام هەر لەو کاتەدا رووسیا و هاوپەیمانەکانی درێژەیان بە کردەوە سەربازییەکانی خۆیانداو بۆ بەرژەوەندی مانەوەی رژێمی ئەسەد بارودۆخەکەیان یەکلایی کردەوە. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا راپۆرتەکە دەپرسێت: ( ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قۆناخی پۆست رۆژئاوادایە؟) راشکاوانەتر مانای ئەوەیە ئایا رووسیا و هاوپەیمانەکانی نەبوونەتە ئەو میحوەرەی کە بێ بەشداریی رۆژئاوا، خۆیان چۆن بیانەوێت کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکلایی دەکەنەوە. لەمەش زیاتر راپۆرتەکە جەخت لەسەر ئەو پێشێلکارییانە دەکاتەوە کە هێزەکانی رووسیا بە ئاشکرا بۆردۆمانی قوتابخانە و نەخۆشخانەیان کردووە، بەڵام ئایا لەسەر ئەم پێشێلکارییانە، سیستەمی نێودەوڵەتی هیچ کاردانەوەیەکی هەبووە؟ لەمەش خراپتر هێزەکانی رووسیا لە گرتنەوەی (حەلەب) دا کۆمەڵکوژییەکی هێجگار گەورەیان کرد، لەمەشیاندا ئایا هیچ لایەک دەستتێوەردانی کرد بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵکوژییە رابگیرێت، یان ئایا هیچ لایەک رایگەیاند، ئەوە ژینۆسایدەو ئەنجامدراوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەمان پێدەڵێت، ئایا سیاسەتی نێودەوڵەتی لە قۆناخی پۆست سیستەمی جیهانی بەرێوە ناچێت؟

دیارە رووسیا تەنیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان سووریا، بنەماکانی ئاسایش و سیستەمی جیهانی پێشێل نەکردووە، بەڵکو لە ئۆکرانیاش کۆمەڵێک پرانسیپی گرنگی ئاسایشی ئەورووپای پێشێلکردووەو ئەو سزایانەشی لەسەر ئەو رەفتارانەی خرایە سەر رووسیا، نەک هەر کاریگەری لەسەر رووسیا نەبووە، بەڵکو بوونە فاکتەری ئەوەی کە رووسیا یەک خاڵی رێککەوتنی (مینسک) جێبەجێ نەکات، ئەمەش پێمان دەڵێت کە رووسیا ئێستا وەك سۆپەر پاوەر لە جیهاندا ئەوەی بیەوێت دەیکات، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە کاتێک ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە لەگەڵ رووسیا رێکدەکەوێت، ئایا رێککەوتنی رووسیا و ئەمریکا چ رەنگدانەوەیەکی تازە بە سیستەمی جیهانی دەبەخشێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا راپۆرتەکە بەوجۆرە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە: ئەگەر ئەمریکا و رووسیا رێکبکەون، مانای ئەوەیە سەردەمێکی تازەی رۆڵی هێزە گەورەکان دێتەوەپێش، بەوەی هێزە گەورەکان دەتوانن چارەنووسی هێزە گچکەکان دیاری بکەن و سیستەمی جیهانی هیچ بایەخێکی نامێنێت، واتە هێز دەبێتە فاکتەری یەکلاکردنەوەی کێشەکان، نەك یاسا و رێسای نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی سیستەمی جیهانیدا، ئەم مەترسییە وای لە زۆربەی سەرکردەکانی ئەورووپا کردووە، (پێش ئەوەی دۆناڵد ترەمپ دەستبەکاربێت، هۆشداری ئەوە بدەن) کە ئەو بنەما سەرەکییانەی سیستەمی نێودەوڵەتی و ئاسایشی ئەورووپای لەسەر دامەزراوە، بە رێککەوتنی نێوان رووسیا و ئەمریکا هیندەی ئەگەری هەڵایسانی شەڕێکی دیکە خۆش دەکات، هیندە نابێتە هۆکارێك بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە جیهاندا.

سەبارەت بەم مەترسییانەی ئەورووپا و رۆژئاوا لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەگەر هەڵوێستی ئەمریکا و ئەورووپا لەبەرامبەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو ئاستە بێت کە دەستەوەستان بن لەئاستی چارەسەرکردنی کێشەکان و بەمەش بۆشاییەك دروست بوویێت و رووسیا و هاوپەیمانەکانی بەئاسانی بتوانن پڕی بکەنەوە، ئایا ئایندەی ئازادی و دیموکراتی و سەقامگیری لەم ناوچەیە بەرەو کام ئاراستە هەنگاو هەڵدەگرێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە لەوانەیە رەفتارەکانی حکومەتی تورکیا دوای کودەتاکەی تەممووزی ٢٠١٦ بیداتەوە و پێمان بڵێت، بەرەو شێوازی حوکمڕانیی پۆتین لە رووسیا هەنگاو هەڵدەگرێت و زەمینەیەك دروست دەبێت بۆ ئەوەی پشتگیرییەکی فراوان بۆ دەسەڵاتە ئەسۆریتاریانیزمەکان بێتەئاراوە و جارێکی دیکە چارەنووسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەند رژێمیکی دیکتاتۆری بسپێرێتەوە.

**وەک لە رۆژانی کۆنفرانسەکە و لەمیانی لێدوانی بەرپرسانی ئەمریکا لە کۆنفرانسەکە گوێبیستی بووین، هەست بەوە دەکرێت ئەگەر دەوڵەتانی ئەورووپا ئامادەبن قورسیی خەرجییەکانی ناتۆ لەگەڵ ئەمریکا دابەش بکەن، یان هاوبەشیی ئەمریکا وەک پێویست بکەن لەدابینکردنی بودجەی پێویست بۆ دابینکردنی ئاسایش لەجیهاندا، ئەوا ئەمریکا ئەو نییەتەی نییە لە ئەورووپا دوور بکەوێتەوەو**

**ئەمریکا لە هەردوو کیشوەری ئەمریکای باکوور و باشوور، هەروەها لە هەردوو ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و ئارام، رووبەڕووی هیچ هەڕەشەیەکی هێزێکی گەورەی ئەوتۆ نابێتەوە، وەک ئەوەی ئەورووپا لە نەمانی ناتۆدا رووبەڕووی هێزێکی گەورەی وەک رووسیا دەبنەوە، کە ئێستا رووسیا بە ئاشکرا لە سنووری یەکێتی ئەورووپا بوونی هەیەو بە ئاشکراش هەڕەشە لە دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا دەکات کە ئۆکرانیا نموونەیەکی بەرچاوە**

**ئەگەر ئەمریکا و رووسیا رێکبکەون، مانای ئەوەیە سەردەمێکی تازەی رۆڵی هێزە گەورەکان دێتەوەپێش، بەوەی هێزە گەورەکان دەتوانن چارەنووسی هێزە گچکەکان دیاری بکەن و سیستەمی جیهانی هیچ بایەخێکی نامێنێت**



*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت، بەتایبەتی لە پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە؟**

- لە راستیدا نادڵنیاییەك هەیە لەم رووەوە، چونکە بەڕێز ترەمپ لێدوانی زۆری داوە، بەڵام هێشتا کردەوەیەکی زۆرمان لێ نەبینوە، لەبەر ئەوە زەحمەتە لە ئێستادا بتوانین هەڵسەنگاندن بکەین و دەبێت زیاتر چاوەڕێ بکەین. خاڵێکی دیکە کە بەڕێز ترەمپ زۆر جەختی لەسەر دەکردەوە، بریتیە لەچڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، هەرچەندە ئێمە نازانین دەقاودق ئەو چی دەکات، بەڵام چەندین جار ئەمەی دووپات کردۆتەوە، کە پێموایە ئەو بڕیارەی دەریکرد بۆ ڕێگەگرتن لە چوونی خەڵکی عێراق بۆ ئەمەریکا، ئەم هەوڵانە ئاڵۆزتر دەکات، مەبەستم لە هەوڵ و کۆششەکانی لەناوبردنی داعشە. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە ترەمپ پتر هاوسۆزە لەگەڵ حکومەتەکەی بنیامین نەتنیاهۆ لە ئیسرائیل، کە ئێمەش ئەو راستیە دەزانین کە گرژی لە پێوەندییەکانی نێوان ئۆباما و نەتنیاهۆدا هەبوو، ئەگەرچی پێوەندی ئەمەریکا و ئیسرائیل بە پتەوی مابۆوە. پرسێکی دیکە کە ئیدارەی ترەمپ بایەخی پێدابێت، بریتییە لە ئێران و تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی ئێران و لەم رووەوە هەندێ سزای بەسەر ئێراندا سەپاند کە پێوەندیدار بوون بەو تاقیکردنەوە مووشەکییانەوە. راستە لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا، دۆناڵد ترەمپ باسی لە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کرد، بەڵام پێدەچێت لە ئێستادا ئەو مەسەلەیە ئەوەندە پێداگیری لەسەر نەکرێت، ئەگەرچی ئەگەری رووبەڕووبونەوە لە سەر پرسەکانی دیکە لە ئارادا دەمێنێت.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا بە بەراورد بە ئیدارەی ئۆباما، سیاسەتێکی تەواو جیاوازی دەرەکی دەگرێتەبەر لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

## جێرەمی پرێسمان
تایبەتمەند لە کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئومێدو چاوەڕوانیم ئەوەیە پێوەندییە ئیجابییەکانی نێوان ئەمەریکا و کوردستان درێژە بکێشن

**جێرەمی پرێسمان، پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی کۆنێتیکت، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ناکۆکیی عەرەب-ئیسرائیل، سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لەم میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کرد سەبارەت بە پێشبینی و شرۆڤەکانی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ کێشە و قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

- لەم ساتەوەختەدا زەحمەتە ئەمە یەکلابکەینەوە، ڕاستە هەندێ گوتار هەن ئەوەیان لێ دەخوێندرێتەوە کە سیاسەتێکی جیاواز دەگیرێتەبەر، بەڵام تا ئێستا ئەمە بە کردەوە بەرجەستە نەبووە. ئیدارەی ئۆباماش هەندێ ڕووبەڕووبوونەوەی هەبوو لەگەڵ ئێراندا، بینیمان هاوشان بە ئەوروپا سزای بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاند بۆ ئەوەی فشاری لەسەر دروست بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگاچارەی دیپلۆماسی و گفتوگۆی گرتەبەر بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو وڵاتەدا. کە ڕەنگە ئیدارەی ترەمپ تەنیا جەخت لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران بکاتەوە، نەك گفتوگۆکردن لەگەڵیدا، ئەویش بۆ ئەوەی فشاری لەسەر دروست بکات و ناچاری بکات بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات کە ئەمەریکا دەیەوێت. کەواتە دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتێکی جیاواز بگیرێتەبەر. هەروەها دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە ترەمپ ئاماژەی دژبەیەکی لێ بەدی کراوە، چونکە لەسەروەختی هەڵبژاردنەکاندا، هەندێ جار وا دەردەکەوت کە ترەمپ باوەڕی وابێت ئەمەریکا ڕێگاچارەی خۆگۆشەگیرکردن بگرێتەبەر لەبەر ئەوەی پێیوابوو کە وڵاتەکەی زۆر تێوەگلاوە لە کاروبارەکانی جیهانەوە، بەڵام هەندێ جار وا وێنای دۆخەکەی دەکرد کە ئەمەریکا زۆر بەهێزە و ئەویش ئەو ئامرازانەی بەردەستی ئەمەریکا بەکاردەهێنێت بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا.

*** ئێوە ئاماژەتان بە ئیدارەی ئۆباما کرد، هەروەك ئاشکرایە کە ئیدارەی ئۆباما چوار بەرژەوەندیی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستنیشانکرد، کە بریتی بوون لە پاراستنی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا و ڕێگرینەکردن لە هەناردەی وزە لەم ناوچەیەو و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا**

**سعودیەو ئیسرائیل نیگەرانیی قووڵیان هەیە لە بارەی ئێرانەوە و هەردووکیان ئێران وەک هەڕەشەیەکی مەترسیداری سەربازی سەیر دەکەن**

**ڕووسیا و ئێران دەستڕۆیشتوو دەبن لە سووریادا و ڕژێمەکەی ئەسەدیش سوودی لە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران و ڕووسیا وەرگرتووە**

**ئیدارەی ترەمپ سست بووە لە پڕکردنەوەی پۆستەکانی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوەدا، لەبەر ئەوە مەزندەی من ئەوەیە کاتێک ئەو پۆستانە پڕکرانەوە، ئەوا ئێمە باشتر بەرچاومان ڕوون دەبێتەوە لەبارەی وردەکارییەکانەوە**

**ئیدارەی ترەمپ هەوڵی هێنانەدی ئەم ئامانجانە دەدات، یاخود ئەولەوییەت و ئامانجی دیکەی جیاوازا دەستنیشان دەکات؟**

- پێموایە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگیرن، بەڵام ڕەنگە گۆڕانکاری لە بایەخدان بەو بەرژەوەندییانەدا دروست بێت، بۆ نموونە سەرچاوەکانی وزەی وەك نەوت و غاز گرنگییەکی زۆریان دەبێت بەلای ئەمەریکاوە، لەبەر ئەوەی گرنگن بۆ هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا وەك یابان و ئەورووپا، کەواتە پێموایە پرسی سەرچاوەکانی وزە گرنگییەکی بنەڕەتی دەبێت لە سیاسەتی ئیدارەی ئەمەریکادا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا. لە پێوەندی بە پرسی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکەوە، ئەوا ئەمە ئامانجێکی هاوبەشە لە نێوان ئیدارەی ئۆباما و ئیدارەی ترەمپدا، ڕاستە جیاوازیی هەیە لە رووی تەکتیکییەوە، کە دەکرێت ئەو جیاوازییانەش، جیاوازی گرنگ بن، لەبەر ئەوەی کەسانێکی زۆر هەن لە نێو ئیدارەی ترەمپدا کە هاوڕا نەبوون لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنە دیپلۆماتییەی لەگەڵ ئێراندا کرا لەبارەی پرسی ئەتۆمی ئەو وڵاتەوە. کەواتە لەم رووەوە جیاوازییەکی تاکتیکی هەیە، چونکە ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ ئامانجێکی هاوبەشە. لەپێوەندی بە بەرەنگاربوونەوەی رادیکاڵیزمی ئیسلامییەوە- کە ئەمە دەستەواژەیەکە سەرۆك ترەمپ بەکاری دەهێنێت-، ئەوا جیاوازییان هەیە لەو دەستەواژانەی بەکاری دەهێنن، واتە ڕەنگە جیاوازی تاکتکی هەبێت، بەڵام ئەمەریکا بە توندی دژی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، وەك ئەلقاعیدە و داعش. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، ئامانجی هاوبەشیان هەیە لەم رووەوە، ئەگەرچی ڕەنگە لە ئەولەوییەتێك، یان سیاسەتێکی دیاریکراودا جیاوازی هەبێت، بەڵام ئامانجە بنەڕەتییەکە بە جێگیری دەمێنێتەوە.

*** هەر لە پێوەندی بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمەوە، ئاشکرایە کە سەرۆك ترەمپ بەڵێنی دا کە هەوڵەکانی چڕبکاتەوە بۆ تێکشکاندنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەك داعش، لە ئێستاشدا بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو لە شەڕی دژ بە داعشدا بەدەست هاتووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێویست ناکات ئەمەریکا شان بە شانی هەوڵە سەربازییەکانی کار لەسەر چارەسەرکردنی پرۆسەی سیاسیش بکات لە عێراقدا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە زەمینەی دروستبوونی ڕێکخراوی هاوشێوەی داعش دروست نەبێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە. بەڵام من تا ئێستا گفتوگۆیەکی ئەوتۆم بەدی نەکردووە لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە لەبارەی ئایندەی عێراقەوە- ئەگەرچی ئەمە مانای ئەوە نییە کە روونادات-. بەڵام دەکرێت لەم رووەوە بۆ دە ساڵ پێش ئێستا بگەڕێینەوە کاتێك سەرۆك بوش، بڕیاری زیادکردنی هێزەکانیدا لە عێراقدا، چونکە ئەوە تەنیا ڕێگاچارەیەکی سەربازی نەبوو، بەڵکو ڕێگاچارەیەکی سیاسیش بوو، واتە تەنیا پەیوەست نەبوو بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە گۆڕەپانی شەڕدا، بەڵکو پەیوەست بوو بە هێنانەئاری گۆڕانکاری لە سیاسەتی وڵاتەکەدا، واتە بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی سەقامگیرتری سیاسی لە عێراقدا بێتەئاراوە. کەواتە دەکرێت ڕێگاچارەی جیاواز بەکار بهێنیت، بەڵام دەبێت بەرەوپێشچوون لە هەردوو بەرەکەدا دروست بێت، واتە دەبێت پرسیار بکەن کە ئایا هەوڵەکانی ئەمەریکا هاوکار بوون بۆ بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوون لە دۆخە سەربازییەکەدا، لە هەمان کاتدا ئایا هاوکاربوون لە بەرەوپێشچوونی ڕەوشە سیاسییەکەو لە هێنانەئارای سەقامگیری زیاتری سیاسیدا. بەڵام من هەوڵی لەم چەشنەم بەدی نەکردووە لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە، ڕەنگە ئەمە مانای ئەوە نەبێت کە هەوڵێکی لەم شێوەیە لەئارادا نییە، چونکە دەکرێت لەئارادا بێت، بەڵام ئاشکرا نەکرێت، بەهەر حاڵ من لەم رووەوە دڵنیا نیم، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە کارکردن لەسەر باشترکردنی ڕەوشە سیاسییەکە هێندەی کارکردن لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکە گرنگە.

*** هەر لە عێراقدا، ئێستا هەرێمی کوردستان نەبۆتە بەشێك لە ململانێی شیعە و سوننە، هەروەها دەستڕۆیشتوویی ئێرانیش لە کوردستاندا بەو ئاستە بوونی نییە، ئایا پشتگیری ئەمەریکا و هاوپەیمانان بۆ کوردستان تا چەند دەبێتە هۆکاری ئەوەی کوردستان وەك پارسەنگی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە ناوچەکەدا ڕۆڵی هەبێت، یاخود ئایا کوردستان تا چەند دەتوانێت وەك هاوپەیمانی ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا ڕۆڵی ئیجابی ببینێت؟**

- ئاشکرایە کە کورد بۆ دەیەیەکە و لە چەندین ڕووەوە هاوپەیمانی ئەمەریکایەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی یەکەمی کەنداو، لەبەر

ئەوە من هەم پێشبینی و هەم ئومێدی ئەوە دەکەم کە ئەو پێوەندییە ئیجابییە درێژە بکێشێت، لێرەدا من گومان دروست ناکەم، بەڵام هێشتا نازانم هەڵوێستی ئیدارەی ترەمپ چی دەبێت لەم رووەوە. چونکە لە راستیدا ئیدارەی ترەمپ سست بووە لە پڕکردنەوەی پۆستەکانی وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوەدا، لەبەر ئەوە مەزەندەی من ئەوەیە کاتێك ئەو پۆستانە پڕکرانەوە، ئەوا ئێمە باشتر بەرچاومان روون دەبێتەوە لەبارەی وردەکارییەکانەوە.

*** لەسەر کێشەی سووریا خەریکە هاوکێشەکە دەگۆڕێت و، پێدەچێت هەموولایەك بە ئەمەریکاشەوە لەسەر ئەوە کۆك بن کە بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، هەروەها چاوەڕوان دەکرێت هەماهەنگییەکی زیاتر لە نێوان رووسیا و ئەمەریکا بێتەدی، کەواتە ئایا دەتوانین بڵێین کە دەستڕۆیشتوویی رووسیا لە سووریادا جێگی دەستڕۆیشتوویی ئێران لەو وڵاتەدا دەگرێتەوە؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم کە نفووزی رووسیا جێی دەستڕۆیشتوویی ئێران بگرێتەوە، بەڵکو پێموایە رووسیا و ئێران دەستڕۆیشتوو دەبن لە سووریادا و رژێمەکەی ئەسەدیش سوودی لە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران و رووسیا وەرگرتووە، لەبەر ئەوە من مەزەندەی ئەوە دەکەم کە بەشار ئەسەد پارێزگاری لە پشتیوانیی رووسیا و ئێران بکات. ئەوەی پێوەندی بە ترەمپەوە هەبێت، ئەوا ترەمپ لە هەر بەرپرسێکی دیکەی ئەمەریکا –کۆماری بێت، یان دیموکراتی- زیاتر بە ئیجابی باسی رووسیا دەکات و زیاتر باسی ئەگەری هاوکاری لەگەڵ رووسیادا کردووە لە سووریادا. هەروەها لەم دواییەدا باس لە هەوڵەکانی ئەمەریکا کراوە بۆ سەپاندنی ناوچەی دژەفڕین لە سووریا، کە من نازانم ئەمە تا چ رادەیەك مەسەلەیەکی جددییە و ئایا تەنیا گوتارێکە، یاخود کەسانێك هەن لە نێو ئیدارەی ترەمپدا ئەمە جێبەجێ دەکەن. کە پێموایە ئەم دوو هەنگاوە لەگەڵ یەکدا یەکناگرنەوە، واتە لە یەك کاتدا ئەمەریکا هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ رووسیا بکات و هەڵبستێت بە دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین لە سووریادا. بەڵام دووپاتی دەکەمەوە، من پێشبینی درێژەکێشانی رۆڵی رووسیا و ئێران دەکەم لە سووریادا، بەڵام هێشتا رۆڵی ئەمەریکا یەکلانەبۆتەوە، چونکە من نازانم ئیدارەی ترەمپ چی دەکات و چ هەنگاوێك هەڵدەگرێت.

*** ئاشکرایە لە ئێستادا تورکیاش هەماهەنگی لەگەڵ رووسیادا دەکات و چیتر پێداگیری لەسەر گۆڕینی رژێمی بەشار ئەسەد ناکات، هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ ئەم پەرەسەندنەو ئایا چ کاریگەرییەکی لەسەر شەڕی داعش لەو وڵاتەدا دەبێت؟**

- دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە رووسیا و ئەمەریکا و تورکیا تەرکیز لەسەر شەڕی دژ بە داعش بکەنەوە، هەرچەندە من باوەڕم وایە کە هێندەی ئەمەریکا و تورکیا داعش لای رووسیا ئەولەوییەت نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ماوەی رابردوودا رژێمی سووریا توانیویەتی پتر پێگەی خۆی پتەوبکات، ئەوا رەنگە رووسیا زیاتر کار لەسەر شەڕی دژ بە داعش بکات بە هاوکاری ئەمەریکا و تورکیا. ئەوەش ئاشکرایە کە ئەمەریکا و تورکیا هاوپەیمانن لەچوارچێوەی ناتۆدا، هەروەها سەرۆك ترەمپ بە ئیجابییەوە لە سەرکردایەتی تورکیا دەڕوانێت- هەرچەندە دڵنیانیم کە بۆچی-، لەبەر ئەوە پێدەچێت هەل و مەرجەکە لەباربێت بۆ هاوکارییەکی زیاتری نێوان رووسیا و ئەمەریکا و تورکیا بۆ شەڕکردن لە دژی داعش.

*** هەژموونی ئێران مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر عەرەبستانی سعودیە دروست کردووە، تەنانەت عەرەبستانی سعودیە مەترسیی ئێران لە مەترسیی داعش بە گەورەتر لەسەر خۆی سەیردەکات، لە هەمان کاتدا ئیسرائیلیش ئێران بە هەڕەشەیەکی مەترسیدار و جددی لەسەر خۆی سەیردەکات، ئایا ئەم دۆخە تا چ رادەیەك دەبێتەهۆی ئەوەی سعودیە و ئیسرائیل پتر لێك نزیك ببنەوە؟**

من هاوڕام کە سعودیەو ئیسرائیل نیگەرانیی قووڵیان هەیە لە بارەی ئێرانەوە و هەردووکیان ئێران وەك هەڕەشەیەکی مەترسیداری سەربازی سەیر دەکەن. هەندێ راپۆرت هەن ئاماژە بە پێوەندی نهێنی نێوان حکومەتی سعودیەو حکومەتی ئیسرائیل دەکەن، کەواتە هەردوولایان پێیانوایە ئەگەری ئەوە هەیە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست بێت، لەگەڵ ئەوەشدا، کێشەی فەلەستین دەبێتەبەربەست لەبەردەم کارکرنی ئاشکرای نێوان هەردوو وڵاتدا. رەنگە ئەگەر کێشەکەش بە تەواوەتی چارەسەر نەبێت، بەڵام دەبێت وا دەرکەوێت کە ئیسرائیل هەنگاو بە ئاڕاستەیەکی ئیجابیدا هەڵدەگرێت، ئەگەرنا حکومەتی سعودیە ئامادە نابێت بە ئاشکرا لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیلدا کار بکات.

**رەنگە ئیدارەی ترەمپ تەنیا جەخت لەسەر رووبەڕووبوونەوەی ئێران بکاتەوە، نەک گفتوگۆکردن لەگەڵیدا، ئەویش بۆ ئەوەی فشاری لەسەر دروست بکات و ناچاری بکات بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات کە ئەمەریکا دەیەوێت**

**پرسێکی دیکە کە ئیدارەی ترەمپ بایەخی پێدابێت، بریتییە لە ئێران و تاقیکردنەوە مووشەکییەکانی ئێران و لەم رووەوە هەندێ سزای بەسەر ئێراندا سەپاند**



**کاکەمین نەجار** ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# بیروبۆچوونەکانمان لەگەڵ یەکێتی بۆ چارەسەری کێشەکان لێکنزیکە و ئێستاش چاوەڕیی وەڵامی ئەوان دەکەین بۆ ئەوەی دەست بە کۆبوونەوە بکەینەوە

**لەدوای پەیامەکەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی نێوان حزبەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی پەیامەکەی سەرۆکدا و بە هاوبەشی لەگەڵ حزبەکاندا میکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان دابنێت، بۆ ئەم مەبەستەش شاندی پارتی جاری یەکەم سەردانی هەموو حزبە سیاسیەکانی کردووە و لە جەولەی دووەمیشدا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجامداوە و ئێستا چاوەڕێی ئەوەیە کە یەکێتی وەڵامی بداتەوە بۆ ئەوەی درێژە بە کۆبوونەوەکان بداتەوە، هەروەها هەر لەم ماوەیەدا پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆی حزبی خۆی کۆمەڵێك گۆڕانکاری ئەنجامداوە و ئەمەش وەك هەوڵێك بۆ خۆڕێکخستنەوەی پارتی لەقەڵەمدەدرێت، بۆ قسەکردن لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان، هەروەها گۆڕانکارییەکانی پارتی و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی کوردستان و ناوچەکە، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە هەولێر سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئێوە ئەندامی شاندی دانوستاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانن بۆ وتووێژ لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی کوردستان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ کێشە سیاسییە ناوخۆییەکان، ئایا کۆبوونەوەکان بەکوێ گەیشتوون؟**

- ئەم شاندەی پارتی لەدوای پەیامەکەی سەرۆك بارزانی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی هەر سێ سەرۆکایەتی (هەرێم، پەرلەمان و حکومەت) دامەزراوە، بۆ ئەمەش سەردانی حزبەکانمان کردووە، سەردانی یەکەممان تەنیا بۆ نەهێشتنی ئەو چەقبەستووییەو کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆ بوو کە لەنێوان حزبەکان هەبوو، پاشانیش پەیامەکەی سەرۆك بارزانی-مان پێ ڕاگەیاندن، بۆ ئەوەی گوێ لەوانیش بگرین و بزانین ڕاوبۆچوونیان چییە.

*** وەك دەبینین دوای ئەو جەولەیە، ئێوە وەك پارتی کۆبوونەوەیەکی دیکەتان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کردو دەنگۆی ئەوەش هەیە بەنیازن لەگەڵ یەکێتی بگەنە لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنی هاوبەش، ئەوجا لەگەڵ حزبەکانی دیکە لەسەر ئەو بنەمایە قسە بکەن؟**

- لە جەولەی یەکەمی کۆبوونەوەکانمان، ئێمە دوایین لایەن چووینە لای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەر لە کۆبوونەوەی یەکەمدا هەستمان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بۆچوونی هەردوولامان نزیکە، هەر بۆیە بۆ درێژەدان بەو بۆچوونە هاوبەشانە، ئەمجارە یەکەم لایەن لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبووینەوەو زیاتر لەسەر وردەکاری و چارەسەرکردنی کێشەکان قسەمان کرد، لەمەشدا بەرەوپێشەوەچوونێکی زۆر باش هاتەدی، لەسەر ئەم پرسانەش شاندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوایان کرد کۆبوونەوەی خۆیان بکەن و پاشان لەماوەی هەفتەیەکدا وەڵامی پارتی بدەنەوە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی دیکە ئەنجام بدەین، بەڵام ئەوە ماوەی مانگێکە بۆ جاری دووەم کۆنەبووینەتەوە، لە هەفتەی ڕابردوودا یەکێتی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی خۆی کردووە، ئیدی ئێمە چاوەڕێین یەکێتی وەڵاممان بداتەوە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکان دەست پێبکەینەوە.

*** بە ڕای ئێوە دەبێت هۆکاری دواکەوتنی یەکێتی بۆ وەڵامدانەوەی پارتی چی بێت؟**

- بارودۆخی ناوخۆی یەکێتی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەندێك کێشەی ناوخۆیی خۆیان هەیە، هەروەها یەکێتی بەرامبەر بە گۆڕانیش هەندێك پابەندبوونیان هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەسەر ئاستی سلێمانی ڕێککەوتن لەنێوانیاندا هەیە، بۆیە مەزندە دەکەین لەگەڵ گۆڕانیش کۆببنەوە، بۆیە دواکەوتنەکە پێوەندی بە بارودۆخی یەکێتییەوە هەیە، نەك پارتی.

*** بەڵام شاندی یەکێتی کە هاتن لەگەڵ پارتی کۆبوونەوە، وەك شاندێکی یەکگرتوو هاتن، ئەمەش مانای ئەوەیە پرسەکە بۆ یەکێتی ئەوەندە قورس نەبێت؟**

- ئەوە ڕاستە وەك شاندێکی یەکگرتوو ئێمە لەگەڵیان کۆبووینەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەتوانن پێکەوە بڕیارێکی هاوبەش بدەن؟ بۆیە ئێمە چاوەڕێی ئەوەین کە ئەوان وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەڵاممان بدەنەوە.

*** ئێوە دوای جەولەی یەکەم وا بڕیار بوو کۆبوونەوەی دیکە لەگەڵ حزبەکان ئەنجام بدەنەوە، بەڵام وەك دەردەکەوێت، لەم قۆناخەدا پرسەکە زیاتر لەسەر کۆبوونەوەی دوولایەنەی پارتی و یەکێتی چڕبۆتەوە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە بازنەکەتان بچووك کردۆتەوە؟**

- نەخێر، پرسەکە بەو جۆرە نییە، بەڵام تێگەیشتن و ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی گرنگە، ئێمە پێمانوایە لەم قۆناخەدا زۆر گرنگە یەکێتی و پارتی لەیەکتری نزیك بن و سەبارەت بە چارەسەری کێشەکان لێکتێگەیشتن لەنێوانماندا هەبێت. پێشتر ئەم ڕاستییە بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بووە، هەر کاتێك پارتی و یەکێتی لێك دوور بووبێت، زەرەرمان کردووە، لەلایەکی دیکەوە ئێمە پێمان باشە هەموو حزبەکان بێنە پێشەوە و بەشداربن لە چارەسەرکردنی کێشەکان و هەروەها بەشداریی پەرلەمان و حکومەتیش بکەن، بەڵام نەك لەسایەی ئەو سەرۆکایەتییەی کە پێشتر پەرلەمان هەیبووە، بەڵکو دوای ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگۆڕێت، بۆ ئەمەش کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ هەموو حزبەکان بەردەوام دەبێت و سەردانیشیان دەکەینەوە.

*** ئایا ئێوە ئامانجتان ئەوەیە کە لەگەڵ هەموو حزبەکان جارێکی دیکە بگەنە ڕێککەوتن و هەموویشیان لە حکومەت بەشداری بکەنەوە؟**

- ئێمە هەوڵی خۆمان بەو ئاراستەیە دەخەینەگەڕ کە هەموو حزبەکان بەشداری بکەن، بەڵام ئەگەر حزبێك، یان دوو حزبی سیاسی خۆیان نەیانەوێت بەشداری حکومەت

**ئەگەر لایەنە سیاسییەکان بتوانین ڕێکبکەوین و پەرلەمان کارا بکەینەوەو بارودۆخەکە ئاسایی ببێتەوە، ئەوا پێموایە دەتوانین لەکاتی خۆی هەڵبژاردن ئەنجام بدەین**

**بەشێکی زۆرمان لە بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرەکان و بەڕێوەبەری ناحییەکان و قائیمقامەکان گۆڕیوە**

**لەم بارودۆخەدا کە نەتوانین کۆنگرە گرێبدەین، دەبێت گۆڕانکاری ئەنجام بدەین، ئەم گۆڕانکارییانەش لەسەر بنەمای پاداشت و سزا نین، بەڵکو پێویستیی پارتییە بۆ گۆڕانکاری و دووبارە خۆڕێکخستنەوە**

**شنگال یەکێکە لە قەزاکانی کوردستان و لەچوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقدا دەبێت بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەم پرسە دەبێت بە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق چارەسەر بکرێت و داوا لە پەکەکە بکرێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە پاشەکشە بکات**

**کاتێک پەکەکە عینادی دەکات و دەڵێت من کانتۆن دروست دەکەم، پرسیار ئەوەیە هەرێمی کوردستان خاوەنی یاساو پەرلەمان و حکومەتی خۆیەتی و ئەمەش لەدەستووری عێراقدا سەلمێندراوەو بەپێی دەستووری عێراق و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان، نە لە کوردستان و نە لەعێراق کانتۆن بوونی نییە**

**ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ پەکەکە نییە، بەڵکو پەکەکە دەیەوێت کێشە بۆ ئێمە و کوردستانیش دروست بکات، پەکەکە ئەگەر ئەوە دەکاتە بیانوو بۆ هاریکاری و بەرگریکردن هاتۆتە شنگال ، دەستی خۆش بێت، ئێستا شنگال ئازادکراوە و پێویستە بکشێتەوە بۆ ئەوەی خەڵک بگەڕێتەوە سەرماڵ و حاڵی خۆی و شارەکە ئاوەدان بکرێتەوە**

**لایەنە سیاسییەکان کاندیدیان نییە هەتا پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم وەربگرن و بۆشایی دروست نەبێت، لە دۆخێکی وادا چۆن سەرۆک بارزانی خۆی لەبەرپرسیاریەتی دەدزێتەوە؟ خۆ ئەگەر واشی بکردایە، ئەوانەی ئێستا لە رق و کینەی خۆیان بەرامبەر بە پارتی و بارزانی ئەو قسانە دەکەن، دەیانگوت کوردستان لەناو شەڕێکی گەورەدا بوو، جەنابی سەرۆک بارزانی لەبەردەم بەرپرسیاریەتی هەڵهات**

بکەن، ئەوا کارێکی زۆر ئاساییە و دەکرێت ئۆپۆزسیۆن بن.

*** ئایا کە باسی حزبەکان دەکەن، مەبەستتان ئەو کۆبوونەوانەی پێشترە کە ناوتان لێنابوو کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی؟ یان ئایا وتووێژەکان تەنیا لەنێوان ئەو حزبانە دەبێت؟**

- ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوە نەبووین پرۆسەی سیاسی لەنێوان پێنج حزبدا قۆرخبکرێت، رای ئێمە ئەوە بووە کە حزبەکانی دیکەش کە نوێنەریان لەپەرلەمان هەیە، بەشداریی کۆبوونەوەکان بکەن، بەتایبەتیش نوێنەری پێکهاتەکانی دیکە، وەك تورکمان و کلدو ئاشووری ، لەم حاڵەتەدا ئەگەر نەمانتوانی لە کۆبوونەوەی فراوانی حزبەکاندا کێشەکان چارەسەر بکەین، پێشنیاری ئێمە ئەوە بووە حزبەکان دووقۆڵی پێکەوە دابنیشن و هەر حزبێك بە تەنیا کێشەکانی خۆی باس بکات. دوای ئەمەش ئەگەر هەموو حزبەکان کۆبوونەوە، ئەوا دەکرێت پێکەوە بڕیار بدەین، یان ئەگەر پێویست بوو، هەموو حزبەکان لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆببینەوە، ئەوا هەموو پێکەوە کۆدەبینەوە.

*** هەست دەکرێت کێشەی سەرەکیی پارتی بە پلەی یەکەم لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و بەپلەی دووەم لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامییە، ئایا دەکرێت پێمان بڵێن کێشەی پارتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی چییە؟**

- ئێمە وەك پارتی کێشەمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامیش نەبووە، رەنگە لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان جاروبار جۆرێك ئاڵۆزی هەبووبێت، بەڵام لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی هیچ کێشەمان نەبووە، ئەوجا ئەگەر سەبارەت بە گۆڕان قسە بکەین، ئێمە وەك پارتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم رێککەوتین، ئەوان ٥ وەزیر و سەرۆکایەتی پەرلەمانیان لە هەرێمی کوردستان بەدەستەوە بوو، لەبەغداش جێگری سەرۆکی پەرلەمانیان پێدرا، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە وەك پارتی وا رێککەوتین کە ئەوان بەشدارییەکی کاراو کاریگەر لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەن، بەڵام بەداخەوە بزووتنەوەی گۆڕان لە چوارچێوەی ئەو رێککەوتنەی نێوانمان رەفتاریان نەکرد و سەرۆکایەتی پەرلەمانیان بۆ بەرژەوەندیی حزبی خۆیان بەکار هێنا، خۆ هەموو لایەك ئاگادارن کە شەوی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ هەموو لایەك رێککەوتین کە کۆبوونەوەی پەرلەمان نەکرێت، بەڵام یوسف محەمەدی هەڵسووڕاوی گۆڕان کە سەرۆکی پەرلەمان بوو، رێککەوتنی هەموو حزبەکانی پێشێلکردو سووربوو لەسەر ئەوەی کۆبوونەوەکە بکرێت، پاشانیش نیسابی یاسایی بۆ تەواو نەکرا، ئەوجا ئەگەر یوسف محەمەد ئەمەی بە ئیرادەی خۆی کردبێت، دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، ئەگەر فەرمانی حزبەکەشیەتی، ئەمە خراپترە مانای ئەوەیە گۆڕان پابەندی رێککەوتنی نێوانمان و سازانی نیشتمانی نابێت، دوای ئەمەش دیسان هەوڵیاندا بە ئاژاوەگێری بارودۆخی کوردستان تێکبدەن، بۆیە ئەگەر سنوورێك بۆ گۆڕان دانەنرایە، لەوانە بوو کێشەی زۆر گەورە و خراپتر لە کوردستان روویبدات.

*** ئایا ئێستاش گۆڕان وەك پێشتر لەسەر مەرجە تەعجیزییەکانی خۆیان سوورن؟**

- ئێمە تا ئێستا یەك جار لەگەڵیان کۆبووینەتەوەو بۆ جاری دووەم هێشتا کۆنەبووینەتەوە، لەکۆبوونەوەی یەکەمدا ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام هێشتا نەهاتووینەتە سەر وردەکاری، لەوانەیە لە وردەکاریدا وتووێژ و موناقەشەی زیاتر دروست ببێت.

*** باشە کە ئەم ئامادەباشییەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پیشانداوە، ئەدی بۆچی کێشەو پەرتەوازەیی ناوماڵی کورد لە بەغداش رەنگدانەوەی هەیە، بەتایبەتیش لەلایەن پەرلەمانتارانی گۆڕانەوە؟**

- ئێستا نەك هەر عێراق و کوردستان، بەڵکو تەواوی ناوچەکە بە گۆڕانکارییەکی هەستیارو خێرادا تێپەڕ دەبێت، بۆیە لایەنی کورد پێویستە ئامادەباشیی خۆی بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم گۆڕانکارییە هەستیار و خێرایانە، باشترین خۆئامادەکردنیش یەکهەڵوێستی و یەکڕیزیی نێوخۆی کوردستانە، بەڵام بەداخەوە لەم کاتە هەستیارو ناسکەدا وەك دەبینن دوو پەرلەمانتاری گۆڕان دەچن لەگەڵ مالیکی دادەنیشن و باس لە هەندێك پرس دەکەن کە ئەسڵەن نە پێوەندی بە پەرلەمانتارەکانەوە هەیە، نە بە نوری مالیکی-یش، هەر بۆ نموونە باسی پرسی نەوت لەگەڵ مالیکی دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا مالیکی نە سەرۆك وەزیرانە و نە وەزیری نەوتە، پاشانیش پرسی نەوتی نێوان

کوردستان و عێراق پێوەندی بە ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی بەغداوە هەیە، لە ئێستادا ئێمە هیچمان لەگەڵ بەغدا نەماوە، باشترین ڕێگە ئەوەیە کە هەموومان بە یەکدەنگی باسی جیابوونەوەیەکی ئاشتییانە لەگەڵ بەغدا بکەین، بەم دواییەش کە شاندی هاوپەیمانیی شیعە بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیم هاتنە کوردستان، ڕاشکاوانە ئەم پرسەمان لەگەڵیان باس کردووە.

*** ئەگەر سەبارەت بە هاتنی شاندی هاوپەیمانیی شیعە بپرسین، ئایا ئەوان بەرنامەی سەردانەکەیان چی بوو؟ مەبەستیان بوو چیمان پێبڵێن و ئێوە چیتان پێگوتن؟**

- ئەو شاندە هاتبوون خۆیان وەك ماڵی شیعە ڕێکبخەنەوە، ئێستا ناوماڵی شیعە بۆتە دوو بەش و بەرەو ئەوە دەچێت ببنە دوو کوتلە، بۆیە لەم چوارچێوەیە هاتبوون لە ڕێگەی ڕێککەوتن لەگەڵ کورد خۆیان بەهێز بکەنەوەو هەر باسی تەبایی و برایەتی و یەکپارچەیی عێراقیان دەکرد، ئێمەش کە هەموو حزبەکان پێکەوە بووین، لەوەڵامدا پێمانگوتن: ئایا تەبایی و برایەتی بە چ مانایەك، بەو مانایەی کە حکومەتی عێراق بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕیوە؟ ئایا چیتان بۆ کورد کردووە هەتا کورد بڕوای بە عێراقێکی یەکگرتوو مابێت؟ ئێوە هیچ رایەڵەیەکتان لەگەڵ کوردستان نەهێشتۆتەوە، بۆیە باشترە کە کوردستان و عێراق دوو هاوسێی یەکتری بن، لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ یەکێتی و حزبەکانی دیکەش باسمان کردووە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان کوردستان و بەغدا، دوو شاندی هەمیشەیی کوردستانی دروست بکەین، یەکێکیان لەسەر ئاستی حزبە سیاسییەکان و ئەوی دیکەیان لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بچنە بەغداو لەگەڵ بەغدا پرسی جیابوونەوەی ئاشتییانە لەگەڵ عێراق باس بکەن.

*** هەر دوای ئەم پرسە قسەوباسێکی وا بڵاوبووەوە کە زۆرینەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەن کوردستان بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق نەکات، ئایا بۆ ئەمە دەبێت ئامادەکارییەکان چۆن بن؟**

- ئەم پرسە باسکراوە، بەڵام بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ حزبەکانی دیکەی کوردستان و دروستکردنی کۆدەنگی نابێتە بڕیار، پارتی مەبەستێتی لەم پرسەدا هەموو لایەنەکان بەشداری بکەن و بە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی هەموو لایەك هەنگاو هەڵبگرین، سەبارەت بەو پێشنیارەش کە پارتی پێی باش نییە بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق بکرێت، جارێ پێش هەر شتێك یاسای هەڵبژاردنی عێراق لە بەرژەوەندی کوردستان نییە، هەروەها بەشداری ئێمە لە بەغدا هیچ کاریگەرییەکی نییە، پەرلەمانتارانی ئێمە نە دەتوانن بڕیارێك دەربکەن، نە دەتوانن بڕیارێك رابگرن، نە دەتوانن کاریگەریشیان هەبێت، بۆیە هەتا بارودۆخەکە بەمجۆرە بێت باشترە کورد بیر لەچارەسەری دیکە لەگەڵ بەغدا بکاتەوە.

*** بزووتنەوەی گۆڕان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کێشەکان تەنیا پۆستی سەرۆکی هەرێمە، بەڵام هەفتەی رابردوو ئەمینداری گشتی یەکگرتوو راشکاوانە رایگەیاند، بەڕێز مسعود بارزانی کارێکی باشی کرد لەم کاتە ناسکەدا سەرۆکایەتی هەرێمی چۆڵ نەکرد، ئایا بۆچی گۆڕان تەنیا جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە؟**

- پێش هەموو شت حەزدەکەم ئەو ڕاستییە بڵێم، کاتێك کوردستان لەبەردەم شەڕێکی گەورەی وەك شەڕی تیرۆریستانی داعشدا بێت، ئایا چاوەڕێی چی لە سەرۆك مسعود بارزانی دەکرێت؟ بێگومان تەنیا چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت ببێتەوە بە پێشمەرگە و جەنابی سەرۆکیش لە ئاستی چاوەڕوانیی میللەتەکەی خۆیدا بووەو لەوەتەی شەڕی داعش دەستی پێکردووە، بەڕێزیان وەك پێشمەرگە لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕەکە بووە و جاری واهەبووە ٣٠-٤٠ ڕۆژ لە بەرەکانی شەڕ نەگەڕاوەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی داعش، سەرۆك بارزانی بە کردەیی پێشمەرگە بووە، نەك سەرۆکی هەرێم، پاشانیش وەك ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی ئاماژەی پێکردووە کە رایەکی زۆر ماقووڵە، کوردستان لەناو شەڕێکی گەورەدایە، کۆمەڵێك کێشەو گرفتی زۆر گەورە لە کوردستان بوونیان هەیە، لایەنە سیاسییەکان کاندیدیان نییە هەتا پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم وەربگرن و بۆشایی دروست نەبێت، لە دۆخێکی وادا چۆن سەرۆك بارزانی خۆی لەبەرپرسیاریەتی دەدزێتەوە؟ خۆ ئەگەر واشی بکردایە، ئەوانەی ئێستا لە رق و کینەی خۆیان بەرامبەر بە پارتی

**کاتێک کوردستان لەبەردەم شەڕێکی گەورەی وەک شەڕی تیرۆریستانی داعشدا بێت، ئایا چاوەڕێی چی لە سەرۆک مسعود بارزانی دەکرێت؟ بێگومان تەنیا چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت ببێتەوە بە پێشمەرگە و جەنابی سەرۆکیش لە ئاستی چاوەڕوانیی میللەتەکەی خۆیدا بووەو لەوەتەی شەڕی داعش دەستی پێکردووە، بەڕێزیان وەک پێشمەرگە لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕەکە بووە**

**یوسف محەمەدی هەڵسووراوی گۆڕان کە سەرۆکی پەرلەمان بوو، ڕێککەوتنی هەموو حزبەکانی پێشێلکردو سووربوو لەسەر ئەوەی کۆبوونەوەکە بکرێت، پاشانیش نیسابی یاسایی بۆ تەواو نەکرا، ئەوجا ئەگەر یوسف محەمەد ئەمەی بە ئیرادەی خۆی کردبێت، دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، ئەگەر فەرمانی حزبەکەشیەتی، ئەمە خراپترەو مانای ئەوەیە گۆڕان پابەندی ڕێککەوتنی نێوانمان و سازانی نیشتمانی نابێت**

**هەرگیز کێشەمان نە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و نە لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامیش نەبووە، ڕەنگە لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان جاروبار جۆرێک ئاڵۆزی هەبوبێت، بەڵام لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی هیچ کێشەمان نەبووە**

و بارزانی ئەو قسانە دەکەن، دەیانگوت کوردستان لەناو شەڕێکی گەورەدا بوو، جەنابی سەرۆك بارزانی لەبەردەم بەرپرسیاریەتی هەڵهات. بۆیە ئەو قسانەی هەڵسووڕاوانی گۆڕان دەیکەن، جگە لە رق و کینە بەرامبەر پارتی و سەرۆك بارزانی هیچ بنەمایەکی دیکەی نییە.

*** کێشەیەکی دیکە کە ئێستا بوونی هەیە کێشەیە لەگەڵ پەکەکە، ئایا کێشەی نێوان پارتی و پەکەکە چییە؟ بۆچی پەکەکە بەشێوەیەکی ئاشتییانە ئامادە نییە شنگال چۆڵ بکات؟**

- باشترە پرسیارەکەت پێچەوانە بکەیتەوە و بپرسیت، ئایا کێشەی پەکەکە لەگەڵ پارتی چییە؟ ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ پەکەکە نییە، بەڵکو پەکەکە دەیەوێت کێشە بۆ ئێمە و کوردستانیش دروست بکات، پەکەکە ئەگەر ئەوە دەکاتە بیانوو بۆ هاریکاری و بەرگریکردن هاتۆتە شنگال ، دەستی خۆش بێت، ئێستا شنگال ئازادکراوە و پێویستە بکشێتەوە بۆ ئەوەی خەڵك بگەڕێتەوە سەرماڵ و حاڵی خۆی و شارەکە ئاوەدان بکرێتەوە، هەروەك چۆن پێشمەرگە بۆ هاریکاری رۆژئاوا چووە کۆبانی، پاش ئازادکردنی کۆبانی گەڕایەوە، بەڵام کاتێك پەکەکە عینادی دەکات و دەڵێت من کانتۆن دروست دەکەم، پرسیار ئەوەیە هەرێمی کوردستان خاوەنی یاساو پەرلەمان و حکومەتی خۆیەتی و ئەمەش لەدەستووری عێراقدا سەلمێندراوەو بەپێی دەستووری عێراق و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان، نە لە کوردستان و نە لەعێراق کانتۆن بوونی نییە، پاشانیش شنگال یەکێکە لە قەزاکانی کوردستان و لەچوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقدا دەبێت بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەم پرسە دەبێت بە رێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق چارەسەر بکرێت و داوا لە پەکەکە بکرێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە پاشەکشە بکات.

*** پرسێکی دیکە کە لەم چەند رۆژەدا بۆتە باس و خواستی میدیاکان، پرسی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لەناوخۆی پارتیدا دەستتان پێکردووە، ئایا ئەم کاتە گونجاو بوو بۆ ئەم گۆڕانکارییانە؟**

- ئەگەر سەیری پەیڕەو پرۆگرامی پارتی بکەیت، ئاشکرایە کە ماوەی نێوان دوو کۆنگرە (چوار ساڵ)ـەو ئەگەر بارودۆخەکە ئاسایی بێت، دەبێت کۆنگرە گرێبدەین، بەڵام هەندێك جار کە بارودۆخەکە ئاسایی نابێت، وەك ئەمجارە، ئەوا ناچار دەبین شێوازی دیکە بگرینەبەر، ئەوجا لەم چوارچێوەیەدا ئەو بەرپرسانەی پارتی کە بەرپرسیاریەتییان لەکۆنگرە پێدراوە، ئەو بەرپرسیاریەتییە بۆ چوار ساڵە، بەڵام ئێستا شەش ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، بۆیە لەم بارودۆخەدا کە نەتوانین کۆنگرە گرێبدەین، دەبێت گۆڕانکاری ئەنجام بدەین، ئەم گۆڕانکارییانەش لەسەر بنەمای پاداشت و سزا نین، بەڵکو پێویستیی پارتییە بۆ گۆڕانکاری و دووبارە خۆڕێکخستنەوە.

*** ئایا ئەم گۆڕانکارییانە پشکی پارتی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە؟**

- بەڵێ، بەشێکی زۆرمان لە بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرەکان و بەڕێوەبەری ناحییەکان و قائیمقامەکان گۆڕیوە.

*** ئەی سەبارەت بە وەزیرەکان، مەبەستم وەزیرەکانی کوتلەی پارتییە لە حکومەت؟**

- ئەم مەسەلەیەمان دواخستووە بۆ رێککەوتنی نێوان لایەنە سیاسییەکان، ئەگەر پێویست بێت حکومەت دووبارە پێکبهێنینەوە، یان کابینەکە هەموار بکەینەوە، ئەوکات قسە لەسەر ئەو پرسە دەکەین، بۆیە جارێ قسە لەسەر ئەم پرسە نەکراوە.

*** ئەی سەبارەت بە پارێزگارەکانی پشکی پارتی، ئایا ئەوان ناگۆڕن؟**

- پارێزگارەکان بەهەڵبژاردن بوونەتە پارێزگار، بۆیە ئەگەر بارودۆخەکە لەبار بێت، هەڵبژاردن ئەوەندەی نەماوە.

*** ئایا پێتوایە لەکاتی خۆی هەڵبژاردن دەکرێت، یان بارودۆخەکە بەرەو ئەوە دەچێت کە دوابخرێت؟**

- ئەگەر لایەنە سیاسییەکان بتوانین رێکبکەوین و پەرلەمان کارا بکەینەوەو بارودۆخەکە ئاسایی ببێتەوە، ئەوا پێموایە دەتوانین لەکاتی خۆی هەڵبژاردن ئەنجام بدەین، بەڵام ئەگەر نەتوانین و بارودۆخەکە بەمشێوەیە بێت، پێموایە دۆخەکە لەبار نابێت و هەڵبژاردنەکە دوادەکەوێت.

**ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوە نەبووین پرۆسەی سیاسی لەنێوان پێنج حزبدا قۆرخبکرێت، رای ئێمە ئەوە بووە کە حزبەکانی دیکەش کە نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە، بەشداریی کۆبوونەوەکان بکەن**

**بارودۆخی ناوخۆی یەکێتی تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەندێک کێشەی ناوخۆیی خۆیان هەیە، هەروەها یەکێتی بەرامبەر بە گۆڕانیش هەندێک پابەندبوونیان هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەسەر ئاستی سلێمانی رێککەوتن لەنێوانیاندا هەیە، بۆیە مەزندە دەکەین لەگەڵ گۆڕانیش کۆببنەوە، بۆیە دواکەوتنەکە پێوەندی بە بارودۆخی یەکێتییەوە هەیە، نەک پارتی**

# پرسی سەربەخۆیی و کورد

## مانەوە لەناو عێراقدا
## خاڵێکی دیکەی جەدەلئامێزی ناو نوخبەی سیاسی

**(٢)**

وەك لە ئەڵقەی یەکەمدا ئاماژەم پێکرد، رای وا هەیە کە جارێ سەربەخۆیی کوردستان کڕی نەهاتووە. لەم روانگەیەوە، دەبێ کورد بەناچاری لەناو عێراقدا بمێنێتەوەو هەوڵ و توانای خۆی لە بەغدا بخاتەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی دەستوورو بە فیدراڵیکردن و بە دیموکراتیزەکردنی عێراق. با لەم ئەرگیومێنتە، وردببینەوە کە تا چەند بەجێیە:

- عێراق وەك دەوڵەتێکی دەستکردو شڕو شێواو، بە دیموکراتیزە ناکرێ. بۆ؟ با مێژووی عێراق بکەینە شایەد. وەك دەزانرێ، لە قۆناخی پادشایەتی و لە قۆناخی کۆماریشدا، لە ١٩٢١ـەوە تا ٢٠٠٣ سیستەمی حوکمڕانی، بەگشتی لەلایەن عارەبی سوننەی بە ژمارە کەمینەوە-٢٠٪- هەڵسووڕێندراوە. بۆ بەردەوامیدان بەو ناهەقی و غوبنە لەوانی دی، ستەم و زوڵم و زۆرو کوتەك و زەبروزەنگی بەکاردەهێنا. ئەو ستەمە، ستەمێکی چەند قات و لۆ بوو؛

* ستەموزۆری مەزهەبی دژ بە زۆرینەی دانیشتووانی عێراق، واتە دژ بە شیعە، ٥٥٪،

* ستەم و زۆری نەتەوەیی دژ بە کوردو تورکمان و خەڵکی دیکەی غەیرە عەرەب کە پێکەوە ٢٥٪ دەبوون و دەبن.

* ستەم و زۆری کۆمەڵایەتی و هەژارونە دارهێشتنەوەی ناوچە کوردنشین و شیعەنشینەکان.

ئەو واقیع و پێکهاتە دابەش-دابەشە، بە زەبری کوتەك گەلێکی بە ناوی گەلی عێراق پێکنەهێنا و هەم لەناو عارەبی سەردەستیشدا، سەمت و تەوژمێکی دیموکراتخوازی بەرهەم نەهێنا.

دوای ٢٠٠٣ و تا ئێستە، ئەو هاوکێشەیە قڵپ بووەتەوە. ئەمجارەیان زۆرینەی شیعە دەسەڵاتڕانەو مێژووی عارەبی سوننە لە عێراقدا لە هەلومەرجی ململانێی هەرێمایەتیی شیعەو سوننە لەسەر ناوچە نفووز، دوبارەدەکاتەوە. ئەوجار شیعە، زوڵم و زۆرکردن لە عەرەبی سوننە، پەراوێزخستنی سیاسیی ئەوان و تێکدانی ژێربینای ئابووریی ناوچە سوننەنشینەکانی بەرهەمهێنایەوە.

ئەم دابەش- دابەشە قوڵە مەزهەبی و ئیتنییە، ئاسۆیەکی زۆر کەمی بۆ سەقامگیریی سیاسی، بۆ تەناهی، بۆ نەشونمای ئابووریی هاوسەنگ، بۆ بەدیموکراتیزەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە هێشتووەتەوە.

- وەك دەڵێن عێراق لەم قەرارە شلۆقەی ئێستەش راناوەستێ، بەڵکە بەرەو وڵاتی میلیشیاکان مل دەنێ، واتە میلیشیای دەرەوەی نیزام و قانوون، دەرەوەی سوپا و دامەزراوە تەناهییە رەسمییەکانی دەوڵەت و قەرە بە قەرەی سوپاو پۆلیس و ئەوانی دیکە، لەسای میلیشیا ناجۆرەکانی شیعەدا کە بە نزیکەی ١٦٠٠٠٠ کەس مەزەندە دەکرێن، هیچ دەراوێك بۆ بەیەکەوە هەڵکردن، بۆ جێبەجێکردنی دەستوور، بۆ دیموکراتیزەکردن، بۆ ماف و ئازادییە فەردییەکان، نامێنێتەوە، بگرە مەزەندەی ئەوەش دەکرێ، دوای بەکۆتاهاتنی داعش فەسڵێکی دیکەی توندوتیژی و خوێنڕشتن نەك هەر لەنێو عارەبی شیعەو عارەبی سوننەدا، بەڵکە لەنێوان عارەبی شیعەو کورددا ( لە هێڵەکانی تەماس و لەسەر تخوبی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە خانەقین و جەلەولاو



ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سەعدییەوە بگرە تا دوزو تازەو کەرکووک، تا دەگاتە تەلەعفەرو نزیک لە سنجار)، یان لەنێوان شیعەکان خۆیاندا بێتەگۆڕێ. لەمبارەوە لێکۆڵەری عێراقی، د. فالح عەبدولجەبار لە دیراسەیەکدا بەناوی «الحشد الشعبي، ازدواجية المؤسسات، ازدواجية السلطة في العراق» دەڵێ: حەشد، هێزێکی زەبروەشێنە و دووانەیی لە بنیادی سەربازی و ئەمنیدا دروستکردووە، وێڕای ئەوەی کە لەناوە خۆیدا یەکدەست نییە، هەوڵ دەدا لەبەر ڕۆشنایی ستراتیجیای ئێرانی و ڕۆئیای ئێران بۆ ململانەی هەرێمایەتی، پێکناکۆکیی ئەمریکی- ئێرانی لە عێراقدا، لەبەر ڕۆشنایی ململانەی ناوماڵی شیعە، ببێتە هێزێکی سیاسیی کارا کە نەخشەی سیاسی بکێشێتەوە ویدەچێ ئەم هەوڵە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا کە قەوڵە لە ئەیلوولی ئەمساڵدا بکرێ، یان لە هەڵبژاردنی گشتیی بۆ پارلەمان لە ساڵی داهاتوودا، بکەوێتە بەر تاقیکردنەوە.

کەواتە ئومێد بە بەیەکەوەهەڵکردن و سازان، زۆر کاڵ دەبێتەوە.

بەو مانایە، دیار نییە ئاسۆی ململانەی ناو ماڵی شیعە بە چ لایەکدا دەکەوێ، ئایا عەبادی کە خۆی وەک باڵێکی ناوەند و بێلایەن نیشانددا، تا چەند لەبەرانبەر بەرەی «ڕاسترەوی شیعە» کە مالیکی سەرکردایەتی دەکا، وەک د. فالح ناوی لێناوە، دەتوانێ خۆی ڕابگرێ؟

- تەوژم و سەمتی دیموکراتی و لیبراڵ و مەدەنی لە عێراقدا کە لە بان دابەشبەندیی مەزهەبی و ئیتنییەوە هەڵبسووڕێ، تەوژمێکی بەهێز نییە تا کورد پشتی پێ گەرم بێ لە جێبەجێکردنی دەستوورو بە فیدراڵیکردن و بەرفرەکردنی ئازادییە دیموکراتییەکاندا. تۆ سەیری دواهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکە کە تەوژمی مەدەنی دیموکراتی تەنیا ٤ پەرلەمەنتاری لە کۆی ٣٢٨ ئەندام هەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا! بەگوێرەی ئەم شیکردنەوەیە، کورد کە بە ژمارە کەمینەیە لە عێراقدا و ناتوانێ و پێی ناکرێ ببێتە داکۆکیکاری دامەزراوە دەستوورییەکانی عێراق و سەرەنێزەی خەبات بۆ تەوافوق و هێنانەدی تەناهی و سەقامگیریی لە عێراقداو لە بنەڕەتیشدا، ئەگەر ئەو هەوڵەش بدا وەک (ئاو لە دینگ کوتانە) و پێشی ناکرێ و عەرەبیش وەک ڕوون بووەتەوە «شەریکایەتی» قبوڵ ناکەن. لەباشترین حاڵەتدا، هەم شیعە هەوڵ دەدا کورد بکاتە پارسەنگ و «کوچکوچە»ی خۆی و هەم عارەبی سوننە دەیەوێ بە پشتی کورد لە ململانێکاندا، خۆی لە عێراق ڕاستکاتەوە. تا کەی کورد ئەم ڕۆڵە بگێڕێ و چ ئاسۆیەکی بۆ پێشکەوتن بۆ دەمێنێتەوەو وزەو توانای خۆی بۆ بەهەدەر بدا؟

بمانەوێ و نەمانەوێ لە باری ئامانجی ستراتیجیشەوە، ئامانجی کورد، خۆبەڕێوەبردن و دەوڵەتی سەربەخۆیە و ئامانجی ستراتیجیی هێزە مەدەنی و دیموکراتەکانی عێراق- بەو کزو نابودییەی خۆشیانەوە- پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و بەدیموکراتیزەکردنی عێراقە. لێرەشدا لێکدابڕانێک هەیە.

### ئەی بە تەمای چی دیکەی عێراق بین؟

مانەوە لەناو عێراقدا، وەک سایەو چەترێک، تا ٢٠١٣ و تا ڕادەیەك، دوو قازانجی هەبووە: یەکەمیان لە ماوەی ٢٠٠٣- ٢٠١٣دا، توانرا ١٠٪ - ١٠,٧٪ی بودجەی عێراق (پاش بڕینی نەفەقاتی سیادی و حاکیمە) لە بەغدا وەربگیرێ و سەرەڕای ئەدای نابجێی خۆمان و دیاردە چەوتەکانی وەک گەندەڵی، تا ڕادەیەك ژێرخانی دارماوی کوردستانی پێ بیناکرایەوەو ئاستی بژێوی خەڵکی پێ بوژێندرایەوە. دووەمیان، فیدراڵیزم کە لە ١٩٩٢-وە تا ٢٠٠٣ ستاتۆیەکی دیفاکتۆ De Factoی هەبوو، وەک قانوونییەکان دەڵێن بووە De Jure و بەرە بەرە دەوڵەتانی دراوسێ و دنیا پێی ڕاهاتن و مامەڵەیان لەتەکدا کرد، بەکورتی کوردستان ڕێچکەی پەرەسەندنی ئابووری و کولتووری و سیاسیی خۆی گرتووە کە لەوەی عێراق جودایە.

پرسیارێك دێتەگۆڕێ: ئایا لەسای ڕەوشی ناو عێراق و ململانێیەکاندا، نوخبەی دەسەڵاترانی شیعە، تا چەند ئەو ئیمتیازەی سەرێ بە کورد دەداتەوە، یان لە بەرانبەر چیدا، ئەو ئیمتیازە بە کورد دەداتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە جەدەلئامێزە با بمینێ.

### ٤. کێ سوود لە بەدەوڵەتبوون وەردەگرێ؟

ئەمەش خاڵێکی دیکەیە کە دەکرێ قسەی زۆری لە بارەوە بکرێ. ئێستە کە باس لە دەوڵەتی

**پێمان خۆش بێ، یان نا، بارزانی سەرۆکی هەرێمێکە کە نیمچە دەوڵەتێکە بۆ خۆی، بووەتە کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکە. لە شەڕی تیرۆردا، پێگەی بارزانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەتەک وڵاتە زلهێزەکاندا قایمترو بەرچاوتر بووە**

**ئەسپانیا چونکە خۆی کێشەی کەتەلۆنیا و باسکی هەیە، تا ئێستە دانی بە کۆسۆڤۆ نەناوەو چاوەڕوانی سربیا دەکا. کەواتە دەبێ، کێسی کوردستان، وەک کێسێکی تایبەت بخەینەڕوو، چاوەڕوانیش نەبین، زوو بە زوو ببینە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان**

**لە هەموو بارێکدا، نابێ کورد زۆر پەلەی بێ کە خێراو دەموودەست سەرجەم وڵاتان دانی پێدا بنێن و کوردستان ببێتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەتی ئەگەر یەکترەفە جاڕی سەربەخۆیی درا، گرنگ ئەوەیە بەکردەوە مامەڵە لەتەک قەوارەی تازەی کوردستاندا بکرێ و دووچاری خۆخواردنەوە نەبێ**

سەربەخۆ دەکرێ، قامك بۆ کاك مەسعود بارزانی و پارتی رادەکێشرێ وەك خاوەنی ئەو تێزەو دنەدەری سەربەخۆیی، یان جیابوونەوەی کوردان لە عێراق.

* لەکاتێکدا، ئەگەر بە دروشمە ناوەندییەکانی پارتی لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوودا، بچینەوە، دەبینین ئەو حزبە پێ بەپێ لە دروشمی لامەرکەزییەوە هاتووە بۆ ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی راستەقینە و فیدراڵیزم و تا دەگاتە دەوڵەتی سەربەخۆ. واتە، پارتی لە ماوەیەکی دووروردرێژدا، باوەڕی بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا هەبووە بەگوێرەی رێوشوێنێکی دەستووریی رێککەوتن لەسەرکراو لەگەڵ بەغداد. ئێستە ئەو باوەڕە لای پارتی زۆر کەم بووەتەوە، یان هەر نەماوە.

* دروشمی ناوەندیی یەکێتی، لەپێش ١٩٩١ مافی چارەی خۆنووسین بووەو لە دوای ١٩٩١یشەوە، ئەو مافەی لە فۆرمی فیدراڵیزمدا دەربڕیوەو بانگەشەو کاری بۆ کردووە، بەڵام بەگشتی هاتنەئارای دەوڵەتی سەربەخۆی رەت نەکردووەتەوە، ئەگەر لەسەر کات و کڑی سەربەخۆییش قسەیەکی هەبێ.

* بزووتنەوەی گۆڕان، ئەگەر بە سەهو نەچووبم، ئەو ژی دەوڵەتی سەربەخۆ رەت ناکاتەوە، بەڵام پێیوایە کۆڵەگەکانی ئەو دەوڵەتە سازو ئامادە نین و ئەگەر دەوڵەتیش رابگەیەندرێ، دەبێتە میرنشینێکی بارزانی! و هەندێ لێکۆڵەری ئەم بزووتنەوەیە، باس لە کۆنفیدراڵیش دەکەن.

* یەکگرتووی ئیسلامی، بەلانی کەمەوە لە رووی فیکریی و سیاسییەوە، هەڵوێستی روونە و سەربەخۆیی بە مافێکی گەلی کورد دەزانێ و کۆمەڵی ئیسلامیش زۆر لە دیدی گۆڕان دوور نییە.

کەواتە حزبەکان خۆیان، پرسی سەربەخۆییان بۆ پارتی جێهێشتووە! هەقە، حزبەکان بیرێك لەمە بکەنەوە.

بێ لەوە، ئەوەی بە قازانجی پارتی شکاوەتەوە، هەندەی من تێبینیم کردبێ، سەرۆکی پارتی لە دوای ٢٠٠٥ەوە تا ئێستە، بەردەوام قسە لە سەربەخۆیی دەکاو هەوڵیداوە لە بیرو زەینی خەڵکی کوردستاندا بە زیندوویی بیهێڵێتەوەو گوێی دۆستان و ناحەزانیشی پێ ئاشنا بکا، تا وای لێهاتووە سەربەخۆیی کوردستان لە میدیای عەرەبی و بیانیشدا بخرێتە بەرباس و لێکدانەوە.

پرسیارێك: ئایا بارزانی هەقی نییە، بانگەشە بۆ سەربەخۆیی بکا، چ وەك تاك، چ وەك سەرۆکی پارتی، چ وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟ لەکاتێکدا بارزانی وەك مافێکی کورد بانگەشە بۆ سەربەخۆیی دەکا. رێگە لە هیچ کەس و لایەنێکی دیکە نەگیراوە کە شێلگیرتر لە بارزانی باس لە سەربەخۆیی بکا.

با وەك تاك هەق و حسێبێك بکەین: هەموو کەسێك ئازادە بیروڕای خۆی دەرببڕێ و بڵاوبکاتەوە، بەمەرجێ ئەو رایە بانگەشەی تێدا نەبێ بۆ چاندنی کەرب و کینەی ئیتنی و ئایینی، یان بۆ تیرۆر... لەگینە ئەم بانگەشەیە بۆ بارزانی، رەهەندێکی لەمێژینەو بنەماڵەییشی هەبێ، چونکە پێش زێتر لە ١٠٠ ساڵ، عەبدولسەلام بارزانی لە موسڵ لەسەر کوردبوون و کوردینی و خۆبەڕێوەبردنی کوردان لەسێدارەدراوە. بێ لەوە بارزانی چ وەك سەرۆکی پارتی و چ وەك سەرۆکی هەرێم سیاسەت دەکا. سیاسەتیش بە دیوێکدا، هونەری دەرفەت دیتنەوەیە، یان دەرفەت قۆزتنەوەیە. گریمان، بارزانی دەیهەوێ و کاردەکا خۆی ببێتە یەکەمین سەرکۆماری ئەم بەشەی کوردستان، چما ئەو حەزە، حەزێکی ناڕەوایە؟

پێمان خۆش بێ، یان نا، بارزانی سەرۆکی هەرێمێکە کە نیمچە دەوڵەتێکە بۆ خۆی، بووەتە کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکە. لە شەڕی تیرۆردا، پێگەی بارزانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەتەك وڵاتە زلهێزەکاندا قایمترو بەرچاوتر بووە.

پرسیارێك لێرەدا دێتەگۆڕێ، بۆ سوود لەم پێگە سیاسی و دیپلۆماتییەی بارزانی وەرنەگیرێ بۆ بردنە پێشەوەی پرسی کورد بە ئاقاری بەدەوڵەتبوون لەم بەشەی کوردستاندا؟

دەکراو بە رای خۆم ئێستەش دەکرێ، کەسی یەکەمی حزبە سەرەکییەکانی کوردستان و نوێنەری هەردوو پێکهاتەی تورکمان و کلدان-سریان-ئاشووری، لە ئەنجومەنێکی بالادا کۆبکرابانایەوە و بارزانی خۆی سەرۆکایەتی کردبان و چوارچێوەیەکی قانوونیش بۆ ئەرك و لێپرسراوییەکانی ئەو بۆردە بدۆزرابایەوە، بە لانی

**هەق نییە، چاوەڕێی هەڵوێستی پێشوەختەبین لەم دەوڵەت، یان ئەو دەوڵەتی دنیا، بەتایبەتی زلهێزان کە راستەوراست دنەی سەربەخۆیی کوردستان بدەن**

**لە ٢٠٠٥دا، خەڵکی کوردستان بە رێنوێنی حزبەکان، لە سەرووی ٨٠٪ دەنگیان بە دەستووری عێراق دا، لەکاتێکدا زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک لەگەڵ سەربەخۆییدابوون، کە دەبوایە دەستوورەکە ئەو حەمکە دەنگەی پێ نەدرێ**

**پێش زێتر لە ١٠٠ ساڵ، عەبدولسەلام بارزانی لە موسڵ لەسەر کوردبوون و کوردینی و خۆبەڕێوەبردنی کوردان لەسێدارەدراوە**

**رێگە لە هیچ کەس و لایەنێکی دیکە نەگیراوە کە شێلگیرتر لە بارزانی باس لە سەربەخۆیی بکا**

کەمەوە لە قۆناخی پەڕینەوە لە فیدراڵیزمەوە بۆ قۆناخی بەدەوڵەتبوون و داکوتانی پایەکانی و جاڕدانی سەربەخۆیی. ڕەنگە ئەم ئەنجومەنە تا ڕادەیەك یەکگرتوویی نوخبەی سیاسی لە کوردستاندا دابیندەکرد.

٥. دانپێدانانی پێشوەختە؛ پێش جاڕدانی سەربەخۆیی و، دانپێدانانی دوای جاڕدان: وێڕای کە ئەم هەرێمەی ئێمە نیمچە دەوڵەتێکە بۆ خۆی و مامەڵەیەکی تایبەتی لەتەکدا کراوەو دەکرێ، لێ هێش بەفەرمی بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق کە دەوڵەتێکی خاوەن (سیادە)و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

- تۆ لەوە گەڕێ باشووری کوردستان بەناهەق و بەبێ پرس، بەبێ لەبەرچاوگرتنی خواست و ویستی خەڵك خراوەتە سەر عێراق لە ١٩٢٥دا، واتە بڕیارێکی ناقانوونی بووە. بەداخەوە کارێکی کەم لەسەر ئەم لایەنە کراوە.

- تۆ لەوە گەڕێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لەدوای شەڕی دووەمی جیهانەوە، پێوەندیی نێوان کوردستان و عێراقی لە ڕووی قانوونییەوە، وەك لکاندنی بەزۆر، وەك داگیرکاری، یان وەك کۆلۆنی ناوخۆیی وەسف نەکردووە، کە دەبوایە بیکا؛

- تۆ لەوە گەڕێ لە ٢٠٠٥دا، خەڵکی کوردستان بە ڕێنوێنی حزبەکان، لە سەرووی ٨٠٪ دەنگیان بە دەستووری عێراق دا، لەکاتێکدا زۆرینەی هەرە زۆری خەڵك لەگەڵ سەربەخۆییدابوون، کە دەبوایە دەستوورەکە ئەو حەمکە دەنگەی پێ نەدرێ.

- تۆ لەوە گەڕێ عێراق دوای ٢٠٠٥، پابەندکارییە دەستوورییەکانی خۆی لەڕاست کوردستاندا جێبەجێ نەکردووە، لەکاتێکدا هێشتا هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و لە دیباجەشدا، پابەندبوون کراوەتە مەرجی مانەوەی عێراق بە یەکگرتوویی چ وەك خاك، چ وەك سەروەری، چ وەك گەل. تۆش وەك کورد، خاوە خاوت لەگەڵ دەسەڵاترانانی عێراقدا کردووە. وەك باوە.

* دەوڵەتان بەلەبەرچاوگرتنی پرەنسیپە گشتییەکانی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ماددە ٢دا هاتوون، بەئاشکرا خۆیان لە مایەی خۆتێکردن لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا دەپارێزن و لە ئاخاوتنی ڕەسمیدا، جەخت لە ڕێزگرتن لە «یەکێتیی خاك و سەروەریی عێراق» دەکەنەوەو خۆ لە دانپێدانانی پێشوەختە، یان دنەدانی سەربەخۆیی لادەدەن، ئەمە سەرباری لەبەرچاوگرتنی ئەتەکێتی دیپلۆماتی و سیاسی و بەرژەوەندە ئابووری و ستراتیجییەکانیان.

* لەهەمانکاتدا، بەشێکی وڵاتان، گرفتی ئیتنی و ئایینی و کولتوورییان لەناوخۆی وڵاتەکانیاندا هەیەو بە هاسانی هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بە جیابوونەوەی هەرێمێکی ناو دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە سیاقێکی کۆلۆنیالی نەبێ، دەرنابڕن.. هەڵوێستی ئەم وەزیر، یان ئەو وەزیری ئیسرائیل لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان ناکرێتە پێوەر و هونەر نییە، چونکە ئیسرائیل دەورە دراوە بە ژینگەیەکی عەرەبی، یان وڵاتێکی وەك هەنگارستان کە جارێکیان لایەنگیریی بۆ سەربەخۆیی نیشانداو نارەزایی عێراقی لێکەوتەوە.

کەواتە هەق نییە، چاوەڕێی هەڵوێستی پێشوەختەبین لەم دەوڵەت، یان ئەو دەوڵەتی دنیا، بەتایبەتی زلهێزان کە ڕاستەوراست دنەی سەربەخۆیی کوردستان بدەن. با نموونەی ڤلادیمێر پووتین وەربگرین:

لەپرێس کۆنفرانسەکەی ٢٣ی ١٢ی ٢٠١٦دا، لەبارەی بزاڤی کورد بەرەو سەربەخۆیی، پووتین گوتی: «لەبارەی سەروەری و سەربەخۆییەوە، ئێمە لەو قزگەیەوە هەڵدەدەینێ کە دەبێ ئێمە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی کاری تێدا بکەین»، «لە کۆتاییدا، دەبێ مافە ڕەواکانی کورد دەستەبەر بکرێن، بەڵام ئەو مافانە، چ فۆرمێکیان دەبێ و چۆن، دەوەستێتە سەر عێراقییەکان و کوردەکان خۆیان. ئێمە هەم لەگەڵ بەغدا و هەم لەگەڵ کوردانداا لە پێوەندیدا بووین و لەسەر ئەو پێوەندییانە بەردەوام دەبین؛ بەڵام ئێمە دەست ناخەینە ناو کاروبارە ناوخۆییەکانی عێراقەوە».

سەیری ڕستەکان بکە دەبینی: وەڵامێکی سیاسی و دیپلۆماتییانەیە؛ نە کورد لە ڕووسیە دەڕەنجێ، نە عێراقییەکان. وڵاتانی دیکەی وەك ئەمریکەو بەریتانیاش، بنەتانی نزیك لەوەیان هەس.

بەڵام داخوا، کورد سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ چۆن دەبێ؟ لەمڕووەوە، چەند خاڵێك گرنگە:

**سەرۆکی پارتی لە دوای ٢٠٠٥ەوە تا ئێستە، بەردەوام قسە لە سەربەخۆیی دەکاو هەوڵیداوە لە بیرو زەینی خەڵکی کوردستاندا بە زیندوویی بیهێڵێتەوەو گوێی دۆستان و ناحەزانیشی پێ ئاشنا بکا، تا وای لێهاتووە سەربەخۆیی کوردستان لە میدیای عەرەبی و بیانیشدا بخرێتە بەرباس و لێکدانەوە**

**دروشمی ناوەندیی یەکێتی، لە پێش ١٩٩١ مافی چارەی خۆنووسین بووەو لە دوای ١٩٩١یشەوە، ئەو مافەی لە فۆرمی فیدراڵیزمدا دەربڕیووەو بانگەشەو کاری بۆ کردووە، بەڵام بەگشتی هاتنەئارای دەوڵەتی سەربەخۆی ڕەت نەکردووەتەوە، ئەگەر لەسەر کات و کۆی سەربەخۆییش قسەیەکی هەبێ**

**تەوژم و سەمتی دیموکراتی و لیبراڵ و مەدەنی لە عێراقدا کە لە بان دابەشبەندیی مەزهەبی و ئیتنییەوە هەڵبسووڕێ، تەوژمێکی بەهێز نییە تا کورد پشتی پێ گەرم بێ لە جێبەجێکردنی دەستوورو بە فیدراڵیکردن و بەرفرەکردنی ئازادییە دیموکراتییەکاندا**

یەکەمیان لە چ سیاقێکدا کورد سەربەخۆیی رادەگەیەنێ: یەکترەفە، یان بە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا؟ چونکە هەڵوێستەکان جودا دەبن. دووەمیان کەی و بە چ میکانیزمێك و بەپشتبەستن بە چ ئەرگیومێنت و دەلیلێکی قانوونی؟

لێرەدا ئەگەر بە کۆنکرێتتر قسەبکەین، هەڵویستی قانوونی نێودەوڵەتی و پراکتیکی دەوڵەتان، لەبارەی جیابوونەوەی هەرێمێکی ناو دەوڵەتێکی خودان سیادە و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان چییە؟ لە راستیدا دەقێك لە قانوونی نێودەوڵەتیدا نییە، کە رێگە بە جیابوونەوەی یەکترەفە بدا، یان بەپێچەوانەوە پێشی لێ بگرێ. تا ئێستە پراکتیکی نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە بەپارێز بووە لە کێسێك بۆ کێسێکی دیکە، نۆ سەیرکە، قوبرسی تورکان، بێ لە تورکیە، وڵاتێکی دیکە دانی پێدا نەناوە، بەڵام کۆسۆڤۆ حاڵەتێکی دیکەیەو بەدەیان دەوڵەت دانیان پێداناوە . کەواتە دەکرێ بە جیددی کار لەسەر ئەو پرسە قانوونییانە و رووە سیاسی و دیپلۆماتییەکان بکرێ. یان لەو چوارچێوەیە بچینە دەرێ و لە رێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کورد هەوڵی تێکشکاندنی سنوورەکان بدات؟ بۆ ئەمەیش دەبێ پێناسەیەکی دیکە بۆ باشووری کوردستان بکەینەوە، نەك وەك بەشێك لە دەوڵەتی عێراق، بەڵکو وەك هەرێمێکی بەزۆرلکێنراو و بێ خواست و ویستی دانیشتووانەکەی لە ١٦ی ١١ی ١٩٢٥دا بە بریارێکی کۆمەڵەی گەلان و، رێکخراوی نیودەوڵەتی بێنینە سەر ئەو باوەرەی کە فەسڵی ١١ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر باشووری کوردستاندا جێبەجێ بکا، یان ئەوەتا وەك چارەسەرێك، نەتەوە یەکگرتووەکان، پەنا بۆ remedial secession ی هەرێمی کوردستان لە عێراق ببات بۆ بەرقەرابوونی ئاشتی و تەناهی لە ناوچەکەدا. چونکە، بەیەکەوەهەڵکردن لە چوارچێوەی عێراقدا، بووەتە کارێکی نەشیاو و، بەدوور نازانرێ کارەساتی دیکەی وەك شنگاڵ-ی بەدواوە بێ، یان کوردستان تووشی شەرێکی بێ ئامان ببێ لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی بەتایبەتی لە ناوچە کێشە لە سەرەکاندا .

بەڵام لە هەمموو بارێکدا، نابێ کورد زۆر پەلەی بێ کە خێراو دەمودەست سەرجەم وڵاتان دانی پێدا بنێن و کوردستان ببێتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەتایبەتی ئەگەر یەکترەفە جاری سەربەخۆیی درا، گرنگ ئەوەیە بەکردەوە مامەڵە لەتەك قەوارەی تازەی کوردستاندا بکرێ و دوچاری خۆخواردنەوە نەبێ. سەیرکەن، کۆسۆڤۆ، ١٠٦ وڵات دانیان پێداناوە، لێ هێشتا نەبووە بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام کۆسۆڤۆ، پەساپۆرتی خۆی هەیەو مامەڵەی لەتەکدا دەکرێ و تەنانەت جۆرێ لە ئاساییبوونەوە لەنێوان کۆسۆڤۆ و سربستان -دا خەریکە دێتەئارا؛ سربیا نوێنەرایەتی خۆی لە بریشتینای پایەختی کۆسۆڤۆ کردووەتەوەو چەندین رێککەوتننامە لەنێوان هەردوو وڵاتدا مۆرکراون، بەتایبەتی لە بواری وزەو گواستنەوەو کۆمیونیکەیشنەوە...

راستە، مافی چارەی خۆنووسین سیفەتی erga omnes وەرگرتووە؛ واتە بووەتە ئەرکێك بە ئەستۆی هەمموو دەوڵەتانەوە. بەڵام ئایا لە پراکتیکدا وڵاتان ئەم ئیلتیزامە یاساییە بەگوێرەی قانوونی نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکەن؟ بەداخەوە نا و دووفاقییەك لەمبارەوە هەیە! چونکە وەك گوتمان کێشەی نەتەوە و کەمەنەتەوە و کۆڕ و کۆمەڵی ئیتنی و ئایینی و زمانی و کەلتووری لە چەندین وڵاتدا هەیە. لێ چونکە ئەم پرسە وەك مافێکی قانوونی، پێوەندیی بە سەروەری (سیادەی ناوخۆ و دەرەکیی دەوڵەتان)ەوە هەیە؛ ئەوا ئیعتوباراتی سیاسی و بەرژەوەندییەکان، رادەی کەمی و زیادەی فۆرمەکانی مافی چارەی خۆنووسین دیاری دەکەن، نەك ئیعتوباراتی قانوونی. تۆ سەیرکە ئەسپانیا، چونکە خۆی کێشەی کەتەلۆنیا و باسکی هەیە، تا ئێستە دانی بە کۆسۆڤۆ نەناوەو چاوەڕوانی سربیا دەکا. کەواتە دەبێ، کێسی کوردستان، وەك کێسێکی تایبەت بخەینەروو، چاوەڕوانیش نەبین، زوو بە زوو ببینە ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**لەسای میلیشیا ناجۆرەکانی شیعەدا کە بە نزیکەی ١٦٠٠٠٠ کەس مەزندە دەکرێن، هیچ دەراوێک بۆ بەیەکەوە هەڵکردن، بۆ جێبەجێکردنی دەستوور، بۆ دیموکراتیزەکردن، بۆ ماف و ئازادییە فەردییەکان، نامێنێتەوە**

**مەزندەی ئەوە دەکرێ، دوای بەکۆتاهاتنی داعش فەسڵێکی دیکەی توندوتیژی و خوێنڕشتن نەک هەر لەنێو عارەبی شیعەو عارەبی سوننەدا، بەڵکە لەنێوان عارەبی شیعەو کورددا ( لە هێڵەکانی تەماس و لەسەر تخوبی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە خانەقی و جەلەولاو سەعدییەوە بگرە تا دوزو تازەو کەرکووک، تا دەگاتە تەلەعفەرو نزیک لە سنجار)، یان لەنێوان شیعەکان خۆیاندا بێتەگۆڕێ**

**عێراق وەک دەوڵەتێکی دەستکردو شڕو شێواو، بە دیموکراتیزە ناکرێ. بۆ؟ با مێژووی عێراق بکەینە شایەد. وەک دەزانرێ، لە قۆناخی پادشایەتی و لە قۆناخی کۆماریشدا، لە ١٩٢١ەوە تا ٢٠٠٣ سیستەمی حوکمرانی، بەگشتی لەلایەن عارەبی سوننەی بە ژمارە کەمینەوە-٢٠٪- هەڵسووڕێندراوە**



## جێری مایکڵ فرەشتەین

بەڕێوەبەری سەنتەری کاروباری کەنداو لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# بێگومان پێوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و کوردستان بەشێکی گرنگی ستراتیژیەتی ئەمەریکا بووە لە عێراقدا

جێری مایکڵ فرەشتەین، بەڕێوەبەری سەنتەری کاروباری کەنداوە لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك ئاسایش و دیپلۆماسییەت و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، پێشتر باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە یەمەن، هەروەها یاریدەدەری جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بووە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ڕێچکەیەی پێشبینی دەکرێت ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا لە ئاست ئاڵۆزی و قەیران و تەحەددییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بیگرێتەبەر، هەروەها بۆ شرۆڤەکردنی چەند بابەتێکی دیکەی پێوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا کە ناوەڕۆکەکەی بەم شێوەیە بوو.

*** ئایا پێتانوایە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی دەبن و تاچەند لەو باوەڕەدان کە سیاسەتێکی جیاوازتر لە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بگرێتەبەر لە ئاست ئەم ناوچەیەدا؟**

- لە رێی وردبوونەوە لە گوتارەکانی ترەمپ، هەروەها لە رێی تێڕامان لە چۆنیەتی هەڵسەنگاندنی ترەمپ بۆ تەحەددی و کێشەکان، ئەوا دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە ئەو رێگاچارەیەی ئیدارەی ترەمپ دەیگرێتەبەر زۆر جیاواز دەبێت لەو رێگاچارەیەی ئۆباما پیادەی کرد، بەڵام چۆن ئەمە دەبێتە سیاسەت و پیادە دەکرێت و ئایا ئامانجەکانی چی دەبن؟ ئەوا هێشتا دڵنیا نین لەبارەیانەوە و هێشتا زووە ئەمە یەکلابکەینەوە.

*** ئایا ئامانجەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست ناوچەکەدا هیچ گۆڕانکارییان بەسەردا دێت؟**

- بە باوەڕی من ئەو ئامانجانانەی کە ئیدارەی ئۆباما دیاریکردن بۆ ئەم ناوچەیە، پاراستنی هاوپەیمانەکان، رێگریگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژو دڵنیابوون لە هەناردەکردنی نەوت بە بێ رێگری لەم ناوچەیەوە. هەروەها بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، وەك پایە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا دەمێننەوە.

*** بەڵام پێدەچێت لە ئاست ئێراندا سیاسەتێکی توند بگرێتەبەر، ئایا ئەمە راستە؟**

- بە دڵنیاییەوە، پێدەچێت ئیدارەی ئەمەریکا ئامادەی تەحەددیکردنی ئێران بێت لەو پرسانەدا کە پێوەندیدار نین بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، سەبارەت بەو رێککەوتنەش ئەوا کاردەکەن بۆ ئەوەی سەرجەم برگەکانی ئەو رێککەوتنە جێبەجێ بکرێن، بەڵام پێناچێت هەندێ لەو هەنگاوانە هەڵبگرن کە پێشتر تاوتوێکران، وەك کشانەوە لە رێککەوتنەکە، یان دووبارە گفتوگۆکردن لەبارەیەوە، واتە پێناچێت ئەم ئەگەرانە لە ئارادا مابن، بەڵام پێدەچێت ئیدارەی ئەمەریکا توندتر بێت لە ئاست رەفتارەکانی ئێران لە یەمەن و سووریا.

*** ئاشکرایە کە هەر بەرەوپێشچوونێکی سەربازی لە شەڕی داعشدا پێویستە هاوشان بێت بە بەرەوپێشچوونی سیاسی و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە بنەڕەتدا بوونەهۆی سەرهەڵدانی داعش و گروپە هاوشێوەکانی، کەواتە ئایا پێویست ناکات ئەمەریکا کار لەسەر ئەم بوارەش بکات و هەوڵی هێنانەدی سەقامگیری سیاسی لە عێراقدا بدات؟**

- بە دڵنیاییەوە، واتە دەبێت تێگەیشتنێکی بەربلاوترمان هەبێت بۆ سروشتی هەڕەشەی تیرۆر و بۆ ئەو پاڵنەرانەی خەڵکی بە ئاڕاستەی توندوتیژی توندڕەوانەدا دەبەن، کە لەم رووەوە گرنگە بایەخ بە دامەزراوەکانی حوکمڕانیی سەقامگیر بدرێت، لەگەڵ دەستەبەرکردنی خۆبەڕێوەبەری مەحەلی و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر پێیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان، واتە هەموو ئەمانە گرنگن نەك تەنیا بۆ تێکشکاندنی داعش، بەڵکو بۆ ئەوەی دڵنیابیت لەوەی کە لە چەند ساڵی داهاتوودا بە ناوی جیاوازەوە رووبەڕووی هەمان کێشە و هەڕەشە نەبیتەوە.

*** بەڵام ئاشکرایە کە حکومەتی عێراق زۆر سەرکەوتوو نەبووە لە هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانە؟**

- راستە، بەڵام هێشتا ئێمە گەشبینین بەوەی بەڕێز عەبادی بتوانێت هەندێ گۆڕانکاری بکات، ئەگەرچی ئێمە دەزانین کە رووبەڕووی چەندین کێشە و تەحەددی جیاواز بۆتەوە، وەك تەحەددی سیاسی و ناکۆکی تایفەگەری لە نێوان شیعەو سوننە، هەروەها جیاوازی ئیتنی لە نێوان کورد و عەرەبدا. هەروەها رووبەڕووی تەحەددی ئابووریش بۆتەوە، بەهۆی ئەو تێکشکان و کاولکارییەی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا رووبەڕووی عێراق بۆتەوە. کە ئاوەدانکردنەوەشی بە ملیارەها دۆلاری پێویستە بۆ ئەوەی ئابووری و کۆمەڵگەی عێراق بخەنە بارێکی سەقامگیرەوە لە ئایندەدا.

*** ئێوە ئاماژەتان بەو تەحەددییانە کرد کە زۆر دژوارن، ئایا پێتوایە ئایندەی ئەم وڵاتە بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات؟**

- پێموایە ئومێدی هێنانەئارای ئایندەیەکی گەشەکردووی سەقامگیر لە عێراقدا بەندە بە سەرکەوتنی کۆمەڵگەی عێراقی و خەڵکی عێراق و بە دۆستەکانیان لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بۆ ئەوەی زۆرێك لەو تەحەددییانە چارەسەر بکەن، ئەمە گومان هەڵناگرێت.

*** رۆڵی کورد لە عێراقدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا ئەویان لێ چاوەڕوان دەکرێت کە ببنە هێزێکی سەقامگیرکەر لە عێراق و لە ناوچەکەشدا بەگشتی، بەتایبەتی کە کورد نەبۆتە بەشێك لە**

**لەو باوەڕەدا نیم هیچ کاتێک بەشار ئەسەد ببێتە شەریکی راستەقینە بۆ شەڕکردن لە دژی توندڕەوی**

**پێدەچێت ئیدارەی ئەمەریکا ئامادەی تەحەددیکردنی ئێران بێت لەو پرسانەدا کە پێوەندیدار نین بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، سەبارەت بەو رێککەوتنەش ئەوا کاردەکەن بۆ ئەوەی سەرجەم برگەکانی ئەو رێککەوتنە جێبەجێ بکرێن**

**کێشــەو ناکۆکییــە تایفەگەرییەکــە و نەکەوتۆتــە ژێــر باڵادەســتی ئێرانــەوە؟**

- بــە دڵنیاییــەوە ئێمــە خوازیاریــن ئەمــە رووبــدات، بێگومــان پێوەندییەکانــی نێــوان ئەمەریــکا و دۆســت و شــەریکەکانی لــە کوردســتان لــە مــاوەی چەنــد ســاڵی رابردوودا، بەشــێکی گرنگــی ســتراتیژیەتی ئەمەریــکا بــووە لــە عێراقــدا. هــەروەك دەزانــن ئەمەریــکا پشــتیوانییەکی بەهێــز لــە یەکگرتوویــی عێــراق دەکات، بــەڵام عێراقیــش بتوانێــت کــە خۆبەڕێوەبــەری لەســەر ئاســتی مەحەلــی دەســتەبەر بــکات و بــوار بــە خەڵکــی بــدات بــۆ ئــەوەی شــێوازی ژیانــی خۆیــان هەڵبژێــرن لــە رووی ئابــووری و کۆمەڵایەتییــەوە. لەبــەر ئــەوە ئێمــە ئومێدەواریــن و گەشــبینین کــە کــورد درێــژە بــە رۆڵــی ئیجابــی خۆیــان بــدەن لــە بنیادنانــی عێراقێکــی بەهێــز و ســەقامگیردا.

*** ئــەی چــۆن لــە ئەگــەری دروســتبوونی دەوڵەتــی کــوردی دەڕوانــن؟**

- لــە روانگــەی ئەمەریــکاوە دروســتبوونی ئــەم دەوڵەتــە نابێتــە هۆکارێــك بــۆ هێنانەئــارای ســەقامگیری و ئاسایشــی زیاتــر لــە ناوچەکــەدا و دەبێتەهــۆی دروســتبوونی تەحەددییــی نــوێ لــە نێــوان پێکهاتەکانــی نێــو عێراقــدا، هەمیشــە تێڕوانینــی ئێمــە ئــەوە بــووە کــە عێراقێکــی یەکگرتــوو نــەك دەرئەنجامێکــی باشــە بــۆ عێــراق، بەڵکــو بــۆ تــەواوی ناوچەکــەش باشــەو لــەو بــاوەڕەدا نیــم کــە ئەمــە گۆڕانــکاری بەســەردا بێــت.

*** چــۆن لــە پەرەســەندنەکانی دۆخــی ســووریا دەڕوانیــت، بــە تایبەتــی کــە ئێســتادا پێدەچێــت هیــچ لایــەك پێداگیــری لەســەر لابردنــی ئەســەد لــە دەســەڵات نــەکات و هەمــووان بــە مانــەوەی رازی بــن؟**

- بــە تێڕوانینــی مــن تاوەکــو بەشــار ئەســەد لــە دەســەڵاتدا بێــت، ئــەوا ئاســایش و ئارامــی لــە ســوریادا بــەدی نایــەت، مــن دەزانــم کەســانێك هــەن لــە نێــو ئیــدارەی ئەمەریــکادا کــە پێیانوایــە دەبێــت ئەولەویەتــی یەکــەم شــەڕکردن بێــت لــە دژی رێکخــراوە تیرۆریســتییە تونــدڕەوەکان، بەتایبەتــی داعــش، بــەڵام مــن لــەو بــاوەڕەدا نیــم هیــچ کاتێــك بەشــار ئەســەد ببێتــە شــەریکی راســتەقینە بــۆ شــەڕکردن لــە دژی تونــدڕەوی. کەواتــە پێموایــە لــە کۆتاییــدا دەگەینــە ئــەو دەرئەنجامــەی کــە بــۆ هێنانــەدی ســەقامگیری لــە ســووریادا پێویســتە گۆڕانــکاری لــە دەســەڵاتی دیمەشــقدا بکرێــت.

*** بــەڵام ئێمــە دەبینیــن کــە تورکیــاش لــە نزیکــەوە کار لەگــەڵ رووســیادا دەکات، ئایــا پێتوایــە ئــەم هەماهەنگییــە ببێتەهــۆی خێراترکردنــی هەوڵەکانــی تێکشــکاندنی داعــش لــە ســووریا؟**

- مــن دووبــارەی دەکەمــەوە بەشــار ئەســەد بــە ســەدان هــەزار خەڵکــی وڵاتەکــەی کوشــتووەو بــە ملیۆنەهــا کەســی ئــاوارە کــردووە، ناکرێــت شــەڕی رژێمــی ســووریا لــە پرســی بەرەنگاربوونــەوەی توندوتیــژی تونــدڕەوانە جیــا بکەیتــەوە. لەبــەر ئــەوە ناتوانیــن داعــش لــە ســووریا تێکبشــکێنین تاوەکــو گۆڕانــکاری لــە رژێمــی ســووریادا دروســت نەبێــت.

*** ئاشــکرایە کــە ئیســرائیل و ســعودیە، ئێــران بــە هەڕەشــە و مەترســی بــۆ ســەر ئاسایشــی نەتەوەیــی خۆیــان لــە قەڵــەم دەدەن، ئایــا تــا چەنــد ئەمــە دەبێتەهــۆی لێکنزیکردنــەوەی ئــەو دوو وڵاتــە لــە یەکتــری؟**

- بێگومــان ئــەم دوو وڵاتــە بۆچــوون و تێڕوانینــی هاوشــێوەی یەکیــان هەیــە لەســەر هەنــدێ پرســی دیاریکــراو، زەقترینیــان پرســی ئێرانــە، ئەویــش نــەك تەنیــا لــە پێوەنــدی بــە رێککەوتنــە ئەتۆمییەکــەوە، بەڵکــو بــەو ناســەقامگیرییەی ئێــران لــە ناوچەکــەدا دروســتی دەکات، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا پێموانییــە جۆرێــك لــە هاوکاریــی رەســمی لــە نێوانیانــدا بێتەئــاراوە، تاوەکــو کێشــەی فەلەســتین و ئیســرائیل چارەســەر نەکرێــت.

*** پێشــبینییەکانت بــۆ ئاینــدەی ئــەم ناوچەیــە چییــە؟**

- لــە راســتیدا باشــترین دەرئەنجامێك کە پێشبینی بکەیــن ئەوەیــە ئەمەریــکا پێوەندییەکــی بەهێزتــری هەبێــت لەگــەڵ هاوپەیمــان و هاوبەشــەکانی لــە ناوچەکــەدا، بەتایبەتــی لــە کەنــداوی عەرەبــی و میســر و شــوێنەکانی دیکــە، واتــە جارێکــی دیکــە ئەمەریــکا رۆڵــی ســەرەکی ببینێــت لــە پەرەپێدانــی ئاســایش و ســەقامگیری لــە ناوچەکــەدا و بــۆ کەمکردنــەوەی مەترســیی ئێــران، بــۆ ئــەوەی ئێــران ببێتــە هێزێکــی ئیجابــی و بنیادنــەر بــۆ ســەقامگیری و ئاســایش لــە رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، هەروەهــا چارەســەری کێشــەی تونــدڕەوی بکرێــت، بەتایبــەت لــە ســووریا و عێــراق و چارەســەری شــەڕی ناوخۆیــی یەمــەن بکرێــت. خراپتریــن دەرئەنجامیــش ئەوەیــە ئەمەریــکا ســەرکەوتوو نەبێــت لــە دروســتکردنی ئــەو پێوەندییــە ئیجابییانــە و ئــەو پشــێوییەی ئێســتاش بــەردەوام بێــت و دووبــارە ناســەقامگیری سیاســی و توندوتیــژی تونــدڕەوانە درێــژە بکێشــن و ســەرهەڵبدەنەوە.

**تاوەکو بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا بێت، ئەوا ئاسایش و ئارامی لە سوریادا بەدی نایەت**

**ناتوانین داعش لە سووریا تێکبشکێنین تاوەکو گۆڕانکاری لە رژێمی سووریادا دروست نەبێت**

**ئیسرائیل و سعودیە بۆچوون و تێڕوانینی هاوشێوەی یەکیان هەیە لەسەر هەندێ پرسی دیاریکراو، زەقترینیان پرسی ئێرانە**



## فیلیپ لیبەرمان

تایبەتمەند لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# دەکرێت دابەشبوونی هاوشێوەی یوگسلافیای پێشوو ببێتە هۆکارێک بۆ هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری

فیلیپ ئەکرێمان لیبەرمان، بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە زانکۆی پرینستۆن بەدەست هێناوەو لە ئێستادا پڕۆفسیۆری دیراساتی ئایینییە لە زانکۆی ڤاندەربیڵت و پێشتر پڕۆفیسۆری دیراساتی ئایینی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی نیویۆرك. بۆ تیشکخستنەسەر هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند مەسەلەیەکی پێوەندیداری دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** ئایا پێتوایە پایە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی دەبن؟**

- من دڵنیانیم لەوە ئیدارەی ترەمپ تەرکیزی تەواو بکاتە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەش وادەکات وەك پێویست بایەخ بەم ناوچەیە نەدات، بە واتای ئەوەی ئیدارەی ئەمەریکا پتر بایەخ بە پرسە ناوخۆییەکان دەدات و هەوڵی چارەسەرکردنی چەند کێشەیەکی ناوخۆیی دەدات، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا گرنگی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە وڵاتانی وەك عێراق و ئەفغانستان و سووریا بدات، کەواتە ڕەنگی سیاسەتی ئەو زیاتر بریتی بێت لە پاراستنی خودی ئەمەریکا لە ناوخۆدا، نەك بەرژەوەندییەکانی لە دەرەوەدا.

*** ئایا لەو باوەڕەدا نین کە ئەمەریکا هەوڵی ئەوە بدات جارێکی دیکە خۆی جڵەوی سەرکردایەتی لەم ناوچەیەدا بکات بۆ ئەوەی کاریگەربێت لەسەر داڕشتنەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان، بەتایبەتی کە سەرۆك ترەمپ هەمیشە باس لەوە دەکات دەبێت جارێکی دیکە مەزنێتی بۆ ئەمەریکا بگەڕێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا کاتێك ترەمپ باس لەوە دەکات کە دەبێت دووبارە شکۆ و مەزنێتی بۆ ئەمەریکا بگەڕێتەوە، ئەوا زیاتر مەبەستی ئەوەیە ئەم کارە لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەنجام بدات و کەمتر لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئەمەریکا بۆ دەرەوەی سنوور درێژبکاتەوە.

*** کەواتە ئەو زیاتر تەرکیز لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی دەکاتەوە؟**

- ئەوە ڕاستە، من پێموایە پتر سەرقاڵ دەبێت بە پرسە ناوخۆییەکانەوە.

*** بەڵام ئێمە لە ڕۆژانی سەرەتای ئیدارەکەیدا هەڵکشانی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکامان بەدیکرد، ئەمەیان چۆن لێکدەدەنەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئیدارەی ئۆباما پتر لەگەڵ ئەوەدا بووە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێراندا بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا سەرۆك ترەمپ ئەوە لەبەرچاو دەگرێت کە ئیسرائیل ڕێککەوتنەکەی ئێران بە ڕێککەوتنێکی سلبی لەقەڵەم دەدات و بەڕێز ترەمپیش هەوڵی پاراستن و درێژەپێدان یاخود دووبارەبنیادنانەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئیسرائیل دەدات، کە لە سەروەختی ئیدارەی ئۆباما گرژییەکی زۆر لەو پێوەندییانەدا دروست ببوو.

*** کەواتە پێشبینی دەکرێت ئەمەریکا هەوڵەکانی چڕبکاتەوە بۆ ئیحتیواکردن و بگرە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران؟**

- من باوەڕم وانییە کە ڕووبەڕووی هیچ لایەك ببێتەوە، لەبەر ئەوەی پتر سەرقاڵ دەبێت بە کێشە ناوخۆییەکانەوە.

*** بەڵام لە لایەکی دیکەوە ترەمپ بەڵێنیدا کە بە تەواوەتی و بە شێوەیەکی خێرا داعش تێکبشکێنێت، ڕاوبۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین کە ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەگەرچی ئەوە کارێکی مومکینیشە. چونکە ڕاستە ئەو بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ئەم کارە ئەنجام دەدات، بەڵام کاتێك ئەو ڕاستییەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەنجامدانێکی کارێکی لەم چەشنە چی پێویستە، ئەوا ڕەنگە لەگەڵ ئەنجامدانیدا نەبێت. بە واتایەکی دیکە، ڕاستە ئەو خوازیاری لەناوبردنی ئەو هەڕەشەیە بووە، بەڵام ڕەنگە ئامادە نەبێت هێزی زەمینی ڕەوانە بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە لەم ساتەوەختەدا و بۆی هەیە درێژە بە هەمان سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بدات، کە بریتی بوو لە بەکارهێنانی گورزی ئاسمانی.

*** هەر لە پێوەندی بە شەڕی داعشەوە، ئەوە ئاشکرایە کە بەرەوپێشچوونێکی زۆر بەدیهاتووە لە عێراقدا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە نایێت هاوشان بە هەڵمەتە سەربازییەکە، کار لەسەر چارەسەرکردنی هۆکارە ڕیشەییەکانی دروستبوونی تیرۆریزم و توندڕەوی بکرێت لە عێراقدا؟**

- من خوازیارم ئەم هەوڵانە ببینم و بە دڵنیاییەوە من خوازیاری ئەوەم سەقامگیری سیاسی لە عێراقدا دروست بێت و پێموایە هێنانەدی ئەم ئامانجەش پێویست بە جۆرێك لە دەستتێوەردانیش دەکات، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم لە ئێستادا سەرۆکی ئەمەریکا ئەمە بە هەنگاو و بە ئاراستەیەکی دروست بزانێت بۆ ئەوەی لە سیاسەتی دەرەکی خۆیدا لە ئاست ئەم وڵاتەدا بگیرێتەبەر. بەڵام ئەگەر پێیوابوو ڕەوشەکە هەڵگری هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمەریکا ئەوا ئەو

**زۆربەی ئەمەریکییەکان پشتیوانی ئەوە ناکەن کە ئەمەریکا هاوکاری و هەماهەنگییەکی گەورە لەگەڵ ڕووسیادا بکات**

کاره ئەنجام دەدات، بەڵام پێموانییە لە ئێستادا بارودۆخەکە بەو شێوەیە ببینێت.

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لەو بەرەوپێشچوونانە دەڕوانیت کە لە شەڕی دژ بە داعشدا بەدەستهاتوون؟**

- دەکرێت ئێمە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە بوونی داعش بە رادەیەکی گەورە داکشاوە لە عێراقدا و پێموایە زۆرێك لە ئەمەریکییەکان بەم شێوەیە لەم مەسەلەیە دەڕوانن، ئەگەرچی ڕەنگە خەڵکی لای ئێوە هێشتا پێیانوابێت ئەو هەڕەشەیە لەئارادایە، بەڵام بەلای زۆربەی ئەمریکییەکانەوە ئەو هەڕەشەیە تا رادەیەکی بەرچاو کەم بۆتەوە، لەبەر ئەوەی زۆر ئەو ناوچە گیراونەتەوە کە پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی داعشدا بوون. کەواتە لە ئێستادا ئەمەریکییەکیان کەمتر نیگەرانن لەبارەی فراوانبوونی داعشەوە.

*** ئەی چۆن لە هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان دەڕوانن لەم ڕووەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئەم هەرێمە نەبۆتە بەشێك لە کێشەی سوننەو شیعە و بە رادەیەکی گەورە نەکەوتۆتە ژێر هەژموونی ئێرانەوە، ئایا پێتانوایە هەرێمی کوردستان بتوانێت ببێتە هێزێك بۆ سەقامگیری لە ناوچەکەدا؟**

- ڕاستە هەرێمی کوردستان ئاشتی باڵی بەسەردا کێشاوە و نەبۆتە بەشێك لە کێشەی سوننە و شیعە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەبێتە دەروازەیەك بۆ ئاشتی. هەروەها پێموایە ئەمەریکا سیاقەکە بەرتەسکەکە لەبەرچاو دەگرێت، واتە لە کوێدا پشێوی و ناکۆکی هەبوو، هەوڵە سەربازییەکانی لەوێدا چڕدەکاتەوە، بەڵام ئەمە وەك دەرفەت نابینین بۆ پاراستنی هەرێمەکە بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لەو شەڕەی لە نێوان شیعە و سوننەدا هەیە.

*** ئەی چۆن لەو هەوڵانە دەڕوانیت کە لە کوردستاندا بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بەدی دەکرێت؟**

- دەکرێت ئەمە ستراتیژیەتەکە بێت، بەڵام من نازانم ئایا ئەمەریکا بایەخ بەم پرسە دەدات یان نا، هەروەها پێموانییە لەبەریەك هەڵوەشانی یوگسلافیا ئەزموونێکی سەرکەوتوو بێت، ئەگەرچی بووە هۆی کەمکردنەوەی توندوتیژی لە هەندێ ناوچەکەدا. کەواتە دەکرێت ئەوە چارەسەرەکە بێت، ئەگەرچی من پێموا نییە کە ئەمە لە کەناری ڕۆژئاوا، یان لە هەرێمی کوردستاندا ڕووبدات، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە دەکرێت ئەمە ڕێگاچارەیەك بێت بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی.

**ترەمپ هەوڵی پاراستن و درێژەپێدان یاخود دووبارەبنیادنانەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئیسرائیل دەدات، کە لە سەروەختی ئیدارەی ئۆباما گرژییەکی زۆر لەو پێوەندییانەدا دروست ببوو**

*** ئەگەر باسی ڕەوشی سووریا و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی دۆخی ئەو وڵاتە بکەین، ئەوا دەبێت ئاماژە بە لێدوانەکانی ترەمپ بکەین لەبارەی کارکردن لەگەڵ ڕووسیادا لەم بارەیەوە، تێڕوانین و پێشبینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- پێموانییە زۆربەی ئەمەریکییەکان وەك هاوپەیمانێك لە ڕووسیا بڕوانن، بەو پێیە زۆربەی ئەمەریکییەکان پشتیوانی ئەوە ناکەن کە ئەمەریکا هاوکاری و هەماهەنگییەکی گەورە لەگەڵ ڕووسیادا بکات.

*** بەڵام سەرۆك ترەمپ داوای لە پەنتاگۆن کردووە کە پلانی دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین بدەن لە سووریادا، ئایا ئەمە بێ هەماهەنگی لەگەڵ ڕووسیادا دەکرێت؟**

- ڕەنگە هەوڵی هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕووسیادا بدات، بەڵام ئەمە پشتیوانییەکی جەماوەری لێناکرێت، لەبەر ئەوەی هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، زۆرینەی خەڵکی ئەمەریکا ڕووسیا بە هاوپەیمان نازانن.


*** ئەی بۆچوونتان چییە لەبارەی هاوکاری ئەمەریکا لەگەڵ تورکیادا؟**

- پێشتریش هاوکاری لە نێوان ئەمەریکا و تورکیادا هەبووە و دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا سەرۆك ترەمپ هەوڵی درێژەدان بەو هاوکارییە دەدات.

*** ئاشکرایە کە لە ئێستادا ئێران بۆتە هەڕەشەیەکی هاوبەش لەسەر ئیسرائیل و سعودیە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەم دۆخە دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو دوو وڵاتە بە چەشنێك لێك نزیك ببنەوە کە پێوەندی ئاشکرا لە نێوانیاندا دروست بێت؟**

- من پێم وانییە، ڕاستە پرسی هاوبەش هەیە لە نێوانیاندا، لەبەر ئەوەی هەر هەوڵێکی بۆ دروستکردنی هاوکاری لەگەڵ ئیسرائیلدا کاریگەرییەکی زۆر سلبی لەسەر پێگەی عەرەبستانی سعودیە لە نێو جیهانی عەرەبییدا لێدەکەوێتەوە.

# هەوڵێک لە تێگەیشتنی ستراتیژیی نەتەوەییمان



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

سەرەتا دەڵێین هیچ ستراتیژییەکی یەکگرتووی راگەیاندراوی کوردی لەئارادا نییە کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی لەسەری رێککەوتبین، بەڵکو دەبێ بگوترێت کە بە بوونی (پرۆژە ستراتیژییەکان)ی گرووپ و تاقم و حزبە سیاسییەکانەوە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا کە زۆر روون نین، سەبارەت بە کوردیش، جوگرافیای هەمەجۆری سیاسیی بەسەر مێژووی یەکگرتووی نەتەوەییماندا زاڵ بووە، لەوەتەی دابەشکردنی کوردستان بۆ دوو بەش (عوسمانی و فارسی) دواتر بەر لە سەدەیەك، بوو بە چواربەش لەوەتەی رێکەوتننامەی سایکس پیکۆ، بزووتنەوەی کوردی لە قۆناخی یەك ناوەندو چەمکی چارەسەری سەرتاسەریی نەتەوەیی کوردستان لە سەدەی نۆزدەیەمدا گۆڕا بۆ چوار قۆناخە ناوەند و چەمکی چارەسەری نیشتمانی کە تایبەت بوو بە یەك وڵاتەوە، واتا ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشبووە، هاوکات کێشەکانیان کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هاوکێشەکانی هێزە سیاسییەکانی لۆکالی کە لە هەر چوار وڵاتدا باوبووە و بەپێی رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان هاتوونەتە ئاراوە، دواترینیان رێکەوتننامەی سایکس پیکۆ و وردەکارییەکانی دواتر لە هەردوو رێکەوتننامەی سیڤەرو لۆزان و حوکمڕانیی هاوپەیمانەکان کە دژی کورد بوون لە سەعد ئابادو سەنتۆ و جەزایر، هەروەها هاوکاریی نێوان هەر چوار پایتەخت دژ بە کورد لەوەتەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا.

ئەوەی پێشتر باسمان کرد تایبەت بە نەبوونی ستراتیژییەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی دووپاتی ئەو راستییە دەکاتەوە کە چەندین دیدگاو هەڵوێست و بۆچوونی سیاسیی لەنێوان ناوەندەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا هەن لەوەتەی سەرهەڵدانی تا دەگاتە گەڵاڵەبوونی کێشە ناکۆکی لەسەرەکان کە لە کوردستانی عێراقدا زیاتر بەدەرکەوتوون وەك ناوەندێکی نەتەوەیی پێشکەوتوو، دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١، ئەم ناکۆکییانە لەنێوان دوو رێبازی جودادا بوو، یەکەمیان نەتەوەیی و دیموکراسی، ئەوی دیکەش سەرکێشی ناسەقامگیر لە ئیرادە، یەکەمیان سەرکردەی مەزن مەلا مستەفای بارزانی گوزارشتی لێکرد، کە سیما سەرەکییەکانی ئەو رێبازە بریتی بوون لە میانگیری و لاگیریی بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵك، هەروەها پێکەوەژیان لەگەڵ گەلی عەرەبی و نەتەوەکانی دیکە و پابەندبوون بە پرەنسیبی مافی چارەنووسی کورد لەڕێی گفتوگۆی ئاشتییانە و تەوافوق، ئەم سیفەتە بنەڕەتییانە تائێستاش لە رێبازی هەرێمی کوردستانی عێراق رەنگی داوەتەوە، کە هەردەم مایەی سەرسامی و رێزگرتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، ئەمە خەریکە دەبێتە تاکە مەشخەڵی رووناکی شارستانی لە ناوچەکەدا لەو سەردەمەی کە شەپۆلی تیرۆرو توندڕەوەیی و سڕینەوەی بەرامبەر و ئاژاوەو شەڕوشۆڕو رەگەزپەرستی و ئاینزایی باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشاوە، ئەم لایەنە پرشنگدارانەی کە بارزانیی نەمر نەخشەی کێشاون دەبنە رێبازێك و دەکرێ ببێتە پرۆژەیەکی ستراتیژیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، ئەگەر مەرجەکانی پێشکەوتن و پەرەپێدان و بەردەوامبوونی شان بەشانی گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی تێدا فەراهەم بکرێت.

لەبەر چەند هۆیەك کە ئاماژەمان پێیانکرد کورد بەسەر چوار وڵاتدا دابەشبوون، ئەمەش بۆ ستەمی فاکتەری جوگرافی و دابەشبوونەکانی

سنووری نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە لەوەتەی سەدەیەك یان چەند سەدەیەك، ئەگەر دابەشکردنی یەکەم حسێب بکەین دوای چاڵدێران لە سەدەی پازدەیەم کە نەتوانرا لەو ماوەیەدا مافی چارەنووس بۆ کورد هاوشێوەی گەلانی ناوچەکە بێتەدی، وێڕای هەوڵی زۆری بەردەوام و سەرهەڵدانی فاکتەری نیشتمانی لەسەر حیسابی نەتەوەیی یان ملکەچکردن بۆ هاوکێشەی ململانێ و کارلێك لە چوارچێوەی هەر دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشبووە لە هەموو کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکاندا، ئەمەش کاتێ چارەنووسی بزووتنەوەی کوردی بە بزووتنەوەی دیموکراسیی نێوخۆیی و گۆڕانکاری و رزگاربوون لە ستەم و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو بزووتنەوە رەگەزپەرستی و ئایینزاییەکان بەسترایەوە، چونکە گوزارشتە سیاسیەکانی حزبە کوردییەکان سەرجەمیان بەرنامەی خۆیان هەیە لە سنووری جوگرافیی وڵاتێکدا و پابەندنابن بە لایەنی نەتەوەیی مەگەر بۆ ئاماژەیەکی راگوزاری یان لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی، بۆیە پرۆژەیەکی گشتیی نەتەوەیی کوردستانی ناخەنەڕوو، لەبەر ئەو هۆیە بابەتییانە دەبینین کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ستراتیژییەتێکی یەکگرتووی نییە و تەنیا ستراتیژییەتی پارچەپارچەکراوی هەیە کە پشت بە نەتەوەیی و نیشتمانی دەبەستێت لە چوارچێوەی دەوڵەتانی ئێستادا.

ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراق بە نموونەیەکی چارەسەری نیشتمانیی عێراقی دادەنرێت بۆ کێشەی کورد، بەڵام نەك وەك چارەسەری نەتەوەیی سەرتاسەریی کوردستانی، کە بەر لە زیاتر لە سەدەیەك خرابووەڕوو، کوردی عێراقیش پابەند نەبووە بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە وڵاتانی ناوچەکە، نەك لەبەر ئەوەی ئەوان حەزیان لێ نەبووە، بەڵکو کەوتنە ژێر کاریگەریی راستییە جوگرافییەکان و سنوورە دانراوەکان نەك هەستەکان، بەر لە راگەیاندنی فیدراڵییەت گفتوگۆ لەنێوان کوردو عەرەبی عێراق ونەتەوەکانی دیکە بەردەوام بوو لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی دژی دیکتاتۆرییەت، دۆسێی کوردستانیش لە هەموو کۆنگرەو وتووێژەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کۆنگرەی لەندەن تا دەگاتە کۆنگرەی بەیروت و دواتریش کۆنگرەی سەلاحەدین باس دەکراو دەخرایەڕوو، هەموو لایەك رازی بوون لەسەر چارەسەری فیدراڵی لە چوارچێوەی پرەنسیبی دیاریکردنی چارەنووس، دیارە سەرکردایەتیی کوردیی عێراق ستراتیژییەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەیە لە چوارچێوەی بواری جوگرافی، هاوکات ئەرك و بەرنامەو پلانی هەیە لەنێویاندا ئیرادەی رەوا لە سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق، هەمان شتیش بۆ کوردی بەشەکانی دیکە و بزووتنەوەکانی دیکەی نەتەوەیی کە ئامانج و درووشمەکانیان جیاوازە، بەڵام لە چوارچێوەی دیاریکردنی چارەنووس بەو شێوانەی کە دەکرێن لەنێو سنووری وڵاتەکانیاندا، بە دەربڕینێکی دیکە هەر بەشێك ستراتیژییەتێکی خۆی هەیە کە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی نیشتمانی و بابەتی.

هەر ستراتیژییەتێك لەم بەشە یان ئەو بەشەی دیکەی نیشتمانی کورد لەم قۆناخە دانرابێت جا لە هەر لایەك یان حزبێك یان توێژێکەوە بێت هیچ سوودی نابێت لەلایەنی نەتەوەییەوە، ئەگەر ئەم سێ خاڵە رەچاونەکات، یەکەمیان: پارێزگاریکردن بە هەموو رێگەیەك لە ئەزموونی فیدراڵیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق وەك دەستکەوتێکی بەنرخی نەتەوەیی لە سەردەمی نوێدا، دووەمیان: رێزگرتن لە تایبەتمەندیی کوردو کەسایەتیی سەربەخۆی لە هەموو بەشێکداو پێشکەشکردنی پشتیوانی و پاڵپشتی لەکاتی پێویستدا و بەزۆر دەستێوەرنەدان لە کاروباری یەکدی و بنیاتنانی پەیوەندیی برایانە لەسەر بنەمای هەماهەنگی و کاری هاوبەش، سێیەمیان: تێوەنەگلان لە هەڵگرتنی ئەجێندای ئیقلیمیی دژ بە گەلی کورد.

ئەگەر مەبەست لە ستراتیژییە نەتەوەییەکان هاوکاریی بێت لەپێناو دابینکردنی سەقامگیریی ناوخۆو بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە دەرەکییەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە زیندووەکان، ئەوا سیاسەتی سەرکردایەتییەکانی ئەو حزبە سەرکێشانەی نێو بزووتنەوەی کوردی و بە تایبەتیش پەکەکە و ئەوانەی کە لە کۆدەنگی نەتەوەیی یاخی بوونە، لەبەرەی پێچەوانە دەوەستن و دژی هەموو مەرج و نەریت و نۆرمن کە ستراتیژییەتی دروستی نەتەوەیی پێویستی پێیانە، ئەزموونی کوردستانی سوریا نموونەیەکە لە رووی تێکدانی ریزی کوردو بەکارهێنانی زەبروزەنگ دژی نەیاران و وەستانیان لە ریزی رژێمی سەرکوتکار و دژی شۆڕشی سوریاو لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی سەرکردایەتیی سەربازی کە حزبی دایك لە چیای قەندیل هەڵیدەسووڕێنێت.

**بزووتنەوەی کوردی لە قۆناخی یەک ناوەندو چەمکی چارەسەری سەرتاسەری نەتەوەیی کوردستان لە سەدەی نۆزدەیەمدا گۆڕا بۆ چوار قۆناخە ناوەندو چەمکی چارەسەری نیشتمانی کە تایبەت بوو بە یەک وڵاتەوە، واتا ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشبووە**

**سەرکردایەتیی کوردیی عێراق ستراتیژییەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەیە لە چوارچێوەی بواری جوگرافی، هاوکات ئەرک و بەرنامەو پلانی هەیە لەنێویاندا ئیرادەی رەوا لە سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق، هەمان شتیش بۆ کوردی بەشەکانی دیکە**

**بەر لە راگەیاندنی فیدراڵییەت گفتوگۆ لەنێوان کوردو عەرەبی عێراق و نەتەوەکانی دیکە بەردەوام بوو لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی دژی دیکتاتۆرییەت، دۆسێی کوردستانیش لە هەموو کۆنگرەو وتووێژەکانی ئۆپۆزسیۆن دەخرایەڕوو**



### مەحما خەلیل قایمقامی شنگال بۆ گوڵان:

# ئومێد دەکەم چۆن شنگال لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگە رزگارکرا، هەرئاواش ئاوەدان بکرێتەوە و سەقامگیری بۆ بگەڕێتەوە

**بوونی پەکەکە لە شنگال نە لەبەرژەوەندیی پەکەکە و نە لەبەرژەوەندیی خەڵکی شنگالە بەڵکو تەنیا خزمەت بە دوژمنانی کورد دەکات**

ئاشکرایە شنگال لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش دووچاری کارەسات و کاولکاریی گەورە بووە، دوای رزگارکردنیشی لەسەر دەستی پێشمەرگە، پێویستە کارو کۆششی گەورە بخرێتەگەڕ بۆ گەڕاندنەوەی خەڵکی شارەکەو دووبارە ئاوەدانکردنەوەی، بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو ئاستەنگانەی بوونەتە بەربەست لەبەردەم چارەسەرکردنی ئەم کێشانەو چەند بابەتێکی دیکەی پێوەندیدار بەم پرسە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ قایمقامی شنگال، مەحما خەلیل، ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

*** زیاتر لەساڵێکە شنگال ئازادکراوە، بەڵام هەتا ئێستا خەڵکەکەی هەر لە کەمپەکانی ئاوارەن و نەگەڕاونەتەوە، ئایا ئەو ئاستەنگانە چین کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی خەڵکی شنگال نەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟**

- لە راستیدا، سێ تەحەددای گەورە هەن لەبەردەم گەڕانەوەی خەڵکی شنگال بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، مەترسیدارترینیان بوونی ناشەرعیی هێزی پەکەکەیە لەشنگال، کە بوونی ئەو گرووپ و هێزە ناشەرعییە چەکدارانەش هۆکارێکن بۆ ناسەقامگیری و نائارامی لە ناوچکە، چونکە ئەم هێزانەی پەکەکە چەندین پێشێلکارییان کردۆتە سەر ماڵ و موڵکی خەڵکی، بە رادەیەك گەیشتۆتە سەر رفاندنی منداڵ و کچی ئێزیدی و دوورخستنەوەیان لەدایك و باوکیان و دواتر مەشقپێکردنیان لە سەربازگەکانیاندا. لەکاتێکدا بە هەموو عورف و دابونەریتەکانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و تەنانەت سەربازیش مەشقپێکردن و شەڕپێکردنی کچ و کوڕی منداڵ قەدەغەیە و دژی هەموو بەها مرۆیی و ئایینییەکانە، تەنانەت ئەوان بەردەوام لەشنگال و دەوروبەری شنگال لە ململانێدان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی ناوچەکە بە نیگەرانییەوە لە چارەنووسی خۆیان بڕوانن. لەلایەکی دیکەوە، داعش شاری شنگال و دەوروبەری کاول و تالان کردووە و لەپرۆسەی ئازادکردنەوەشیدا زیانێکی گەورە بە ژێرخانی شارەکە کەوتووە، بەتایبەتی بوارە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەکو کارەباو ئاو و شارەوانی. ئەمە جگە لەوەی تائێستا دەڤەرەکانی دیکەی نزیك لە شنگال رزگارنەکراون. چارەسەرکردنی ئەو سێ ئاستەنگەش- نەهێشتنی بوونی پەکەکە لەم دەڤەرەو گەڕاندنەوەی خزمەتگوزارییەکان و ئازادکردنی دەڤەرەکانی دیکەی دەوروبەری شنگال- راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر گەڕانەوەی خەڵکی شنگال و ئاوەدانکردنەوەی شارەکەیان.

*** کەواتە لەئێستادا کێشەیەکی گەورە لەسەر بوونی پەکەکە لە شنگال هەیە؛ ئایا پەکەکە بۆ واز لە شنگال ناهێنێت و بەشێوەیەکی ئاشتییانە ئەو ناوچەیە چۆڵ ناکات؟ ئایا خەڵکی شنگال داوایان نەکردووە کە پەکەکە شارەکەیان بەجێبهێڵێت؟**

- خەڵکی شنگال و ئیدارەی شنگال و هێزە نێودەوڵەتییەکان و کونسوڵخانەکانیان هەموویان داوایان کردووە پەکەکە شنگال و تەواوی دەڤەرەکە چۆڵ بکات، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا پەکەکە ئامادە نییە ئەم داواکارییە جێبەجێ بکات، ئەوان دەڵێن: ئەم دەڤەرە بۆ ئێمە ستراتیژییەو ئامادە نین چۆڵی بکەین، ئەم لێدوانانەی ئەوان دژ بە خەڵکی ئێزیدی و رەسەنی ناوچەکەیە کە ئومێدیان گەڕانەوەو ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیانە، نەك جێبەجێکردنی ئەجیندای دەرەکی.

*** باس لەوە دەکرێت پەکەکە بە زۆر کچان و کوڕانی ئێزیدی چەکدار دەکات و دەیانڕفێنێت، ئایا تا چەند ئەم کردەوانەی پەکەکە دژە لەگەڵ دابونەریتی ئێزیدیەکان و تا چەند پەکەکە ئەو خەڵکەی بێزار کردووە؟**

- ئێزیدی خاوەنی کەلتوورو دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی و رەسەنی کوردەوارییە، ئەوان دژی رفاندنی زارۆك و کچ و کوڕەکانیان و دوورخستنەوەیانن لە خێزانەکانیان، هەر ئەمەشە وایکردووە لە ئێستادا ئێزیدیەکان زۆر پەست و بێزاربن لەو رەفتارە، پەکەکە ئازارو مەینەتییەکانی خەڵکی شنگالیان لە ٨/٣ قۆزتۆتەوە بۆ جێبەجێکردنی مەرام و ئەجیندای خۆیان، فێرکردنی دیاردەی چەکداری و ئایدیۆلۆژیەتێکی نامۆ بە چڤاتی ئێزیدییەکان لەناو زارۆك و کچانی ئێزیدی بەبێ رەزامەندی دایك و باوك بێزارییەکی گەورەی لێکەوتۆتەوە.

*** هەروەها باس لەوە دەکرێت پەکەکە ئەو عەرەبانەی لای خۆی چەکدار کردووە کە لەکاتی داگیرکردنی شنگال پشتگیری داعشیان کردووە، ئایا چەکدارکردنی ئەو عەرەبانەی پشتگیری داعشیان کردووە، لەلایەن پەکەکەوە تاچەند ئێزیدییەکانی بێزار کردووە؟**

- ئێمە زانیاری و دیکۆمێنتمان هەیە لەسەر ئەوەی ئەو عەرەبانەی دەستدرێژییان کردۆتەسەر شەرەف و خاکی کوردانی ئێزیدی ئێستا چەکداری پەکەکەن و مەشق و راهێنانیان پێ دەکرێت، ئەمەش جێگای قبووڵکردنی ئێزیدییەکان نییە و دڵی ئێزیدییەکانی بەرامبەر پەکەکە رەش کردووە. سەد مەخابن هێزێکی چەکداری کوردی هەر بەوە راناوەستێت کە بە ناشەرعی لەسەر خاك و ماڵ و حاڵمان نیشتەجێ بووە، کەچی دوژمنەکانی گەلی کوردیش چەکدار دەکات و مەشق و راهێنانیان پێ دەکات، دیارە ئەمەش هەر وا لەخۆڕا نەهاتووەو ئەجیندای

خراپی لەپشتەوەیە. تەنانەت لەچیای شنگال و ناوچەکەدا چەند دیاردەیەکی رفاندن و کوشتن روویانداوەو خەڵکەکە پەنجەی تۆمەت ئاراستەی پەکەکە دەکەن. ئومێدەوارم بەزووترین کات دادگا تاوانباران بدۆزێتەوەو مافی خەڵکی لێقەوماو ئاشکرا بکات.

*** ئێوە وەکو قایمقامی شنگال و نوێنەری فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ ئایا تا چەند دەتوانن لە رێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە رۆڵی خۆتان بخەنەکار بۆ ئەوەی پەکەکە شنگال چۆڵ بکات؟**

- راستە شنگال ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانەو تائێستا لە رووی ئیدارییەوە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیی ناوەندیدایە، بەڵام شنگال و تەواوی دەڤەرەکە کوردستانییەو تاکە مەرجەعی ئێمە هەرێمی کوردستانە، هەرلەبەر ئەوە داوامان لەهەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی بەغدا کردووە بێنە سەر خەت و لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانان و باڵیۆزو کونسوڵخانەکانیان فشارێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بکەن تاوەکو هێزی چەکداری ناشەرعی پەکەکە بکەنە دەرەوەی شنگال بۆ ئەوەی پەکەکە شنگال و ئێزیدییەکان نەکاتە بەشێك لە ململانێیەکی ئیقلیمی و تائیفی سەخت کە ئێستا لەناوچەکەدا دەیبینین، بوونی پەکەکە لە شنگال نە لە بەرژەوەندیی پەکەکەیە و نە لەبەرژەوەندیی خەڵکی شنگالدایە، ئەمە تەنیا خزمەت بە دوژمنانی گەلی کورد دەکات. شنگال دەڤەرێکی ستراتیژی و ئایینییە و خەڵکەکەی مەزڵوومن و نابێت هیچ هێزێکی ناشەرعی بیکاتە بەشێك لەململانێ و ئەجیندا تایبەتییەکانی خۆی، هەربۆیە خەڵکی شنگال سیناریۆی پەکەکە رەتدەکاتەوەو نایەوێت ببێتە بەشێك لەململانێی ئیقلیمی و تائیفی لەناوچەکە، ئەوان دەیانەوێت بەهێز ئەجینداو مەرامەکانی خۆیان لەناوچەکەدا جێبەجێ بکەن، کە هەرگیز ئەمە جێگای قبوولکردنی خەڵکی ناوچەکە نییە.

*** باسی ئەجیندای دەرەکی پەکەکە دەکەیت، مەبەستت لەوە چییە؟**

- بوونی پەکەکە لەشنگال و جێنەهێشتنی دەڤەرەکە دژ بە ئیرادەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەو خەڵکی ئێزیدییە و خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکی روونی بوونی ئەجیندای دەرەکییە، بەڵام هەردەبێت بڕیاری گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەن، بەپێچەوانەوە زیان بەخۆیان دەگەیەنن.

*** سەبارەت بەدووبارە ئاوەدانکردنەوەی شنگال باس لەوە دەکرێت کە شنگالی ئێستا وەکو مۆنۆمێنتێك بۆ ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزیدیەکاندا هاتووە، وەك خۆی دەمێنێتەوە و شنگالێکی نوێ دروست دەکرێت، ئایا ئەم پرۆسەیە تاچەند هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە؟**

- تائێستا چەند هەنگاوێکی زۆر لاواز بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال هەڵگیراون، ئێمە وەکو ئیدارەی شنگال داوامان کردووە شنگال ببێتە مۆنۆمێنتێك تاوەکو وەکو مۆزەخانەیەکی لێبێت و شاهیدی ئەو کۆمەڵکوژییە بێت کە دەرهەق بەگەلی کورد کراوە، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتووی کوردی ئێزیدی ئەو تاوانە گەورەیە لەیاد نەکەن کە دەرهەقیان کراوە، هەر لەو مۆنۆمێنتەشدا بە قارەمانێتی پێشمەرگەو شەهیدەکانی ئازادکردنی شنگال و ناوچەکەیان ئاشنا بن. سەبارەت بەئاوەدانکردنەوە یا نۆژەنکردنەوەی شنگال پێویستە لەسەر بنەمای زانستی و ماستەرپلان و شارەزایی بونیادبنرێتەوە، چەندین جاریش داوا لەحکومەتی مەرکەزی عێراق کراوە بودجەو پارە تەرخان بکات بۆ ئەو بەشە رزگارکراوەکەی شنگال، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکی نەبووە سەبارەت بەحکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەمووان دەزانن ئەو گەمارۆ ئابوورییەی بەغدا و قەیرانی دارایی رێگرە لەبەردەم تەرخانکردنی بودجە بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرەکە، بەڵام ئێمە ئومێدمان بە دەوڵەتانی هاوپەیمانان و دۆست هەیە کە بودجەیەك بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال تەرخان بکرێت.

*** بەڵام ئەوەی ئاگادارین تا ئێستا لەبارەی بەجینۆسایدکردنی کۆمەڵکوژییەکەی ئێزیدییەکانیش لەسەر ئاستی عێراق و نێودەوڵەتی کاری جددی و پراکتیکی نەکراوە، تەنانەت چەندین گۆڕی بەکۆمەڵ هەیە کە تا ئێستا کاری لەسەر نەکراوە؟**

- لەو بەشەی دەڤەری شنگال کە لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە ئازادکراوە، پێشبینی بوونی ٥٠ گۆڕی بەکۆمەڵ دەکرێت، کە تائێستا لەو ژمارەیە ٣٠ گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە و بە مەزەندە دەکرێت روفاتی زیاتر لە ١٦٠٠ کەسی تێدا بێت، کە داوامان کردووە لایەنە پێوەندیدارەکان

**لەو بەشەی دەڤەری شنگال کە لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە ئازادکراوە، پێشبینی بوونی ٥٠ گۆڕی بەکۆمەڵ دەکرێت، کە تائێستا لەو ژمارەیە ٣٠ گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە**

**چەندین جار داوا لەحکومەتی مەرکەزی عێراق کراوە بودجەو پارە تەرخان بکات بۆ ئەو بەشە رزگارکراوەکەی شنگال، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکی نەبووە**

**زانیاری و دیکۆمێنتمان هەیە لەسەر ئەوەی ئەو عەرەبانەی دەستدرێژییان کردۆتەسەر شەرەف و خاکی کوردانی ئێزیدی ئێستا چەکداری پەکەکەن و مەشق و راهێنانیان پێ دەکرێت**

کاری لەسەر بکەن، چونکە لەلایەنی دەروونیشەوە ئێش و ئازارێکی گەورەی دەروونی بۆ کوردانی ئێزیدی دروست کردووە، لەبەر ئەوە پێویستە رێز لەو شەهیدانە بگیرێت و ناسنامەکانیان ئاشکرا بێت بۆ کەسوکارەکانیان، هاوکات پێویستە بەشێك لەو گۆڕە بەکۆمەڵانە بکرێنە مۆنۆمێنت، لە رووی یاسایی و ناساندنی کۆمەڵکوژییەکەشەوە هەموو رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤ و لایەنە پێوەندیدارەکانی دیکەی نێودەوڵەتی، بە دیکۆمێنت و داتاو زانیاری، ئاگاداری وردی ئەو جینۆسایدەن و لە سەردانەکەماندا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ بەرپرسانی بەشی جینۆسایدو مافی مرۆڤ کۆبووینەوە و باسی ئەو دۆسێ گرنگەمان کردو بەڵێنییان پێداین کە پاڵپشتی دۆسێی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی بکەن، بەڵام پێویستە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێك دەربکات بۆ ئەوەی دادگای باڵای لاهای لەسەر ئەم دۆسیەیە کاربکات.

*** لەدوای پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ باس لەدووبارە رێکخستنەوەی پارێزگای نەینەوا دەکرێت، ئایا تاچەند ئامادەباشی کراوە بۆ ئەوەی شنگال ببێتە پارێزگایەکی سەربەخۆی سەر بەکوردستان؟**

- خواستی خەڵکی شنگال ئەوەیە دەڤەرەکەیان ببێتە پارێزگایەك، چونکە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئایینی و جوگرافیایی ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە چیدیکە شنگال ناتوانێت بەهەمان نەخشەی ئیداریی پێشوو بمێنێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵکوژی دەرهەق بەگەلی کوردی ئێزیدی ئەنجامدرا. بۆ ئەوەی دواتر بڕیاری گەڕانەوە بدرێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەمە بڕیارێکە و دەبێت خەڵکی شنگال بیدەن، نەك عێراق و حزبە سیاسییەکانیان، چونکە پێش شەڕی داعش و ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ، شنگال و تەواوی دەڤەرەکە بەشێکی دانەبڕاو بووە لەهەرێمی کوردستان و بەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دادەنرا، ئێستاکەش بەخوێنی شەهیدەکان و قارەمانێتی پێشمەرگەو سەرۆك بارزانی ئازادکراو جارێکی تر سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە رێگە نادات شنگال بکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی حکومەتی عێراق و سوپای عێراق، کە کەمتەرخەم بوون بەرامبەر بەرگریکردن و پاراستنی کوردانی ئێزیدی. ئێستاکەش لەناو چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە هێزی تایبەت بە ئێزیدییەکان بوونیان هەیەو ئەوان رۆڵەی شنگالن و لەتوانایاندایە بەرگری لە خاك و نیشتمانی کوردان بکەن. بۆیە داواکارم چەکی قورس و گەورە بدرێتە لەشکری فەرماندەیی شنگال و مەشق و راهێنانی زیاتریان پێ بکرێت بۆ ئەوەی توانای پاراستن و بەرگریکردنی ئێزیدییەکانیان هەبێت لەئەگەری هەر هێرشێك کە دەرهەق بەخەڵکی شنگال و دەڤەرەکە هەبێت. خەڵکی شنگالیش چیتر قبوڵ ناکات هێزێکی ناشەرعی وەکو پەکەکە، یان سوپای عێراق لە دەڤەرەکەیان بوونی هەبێت. ئەوان ئێستا لەچوارچێوەی هێزی پێشمەرگە خاوەنی لەشکری شنگالن کە لەسەر دەستی جەنابی سەرۆك بارزانی شارەکەیان ئازادکراو پێشمەرگە خوێنی بەخشییە ئازادکردنی خاکی ئێزیدییەکان و سەرۆك بەڵێنی خۆی بۆ کوردانی ئێزیدی جێبەجێ کردووە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای هاتنی هێزی نێودەوڵەتیش بکات بۆ ناوچەی شنگال، چونکە ئەم ناوچەیە لە رووی جوگرافیاوە دوورەدەستەو دەڤەرێکی فراوانەو پێویستی بەهاوکاری و پاڵپشتی زیاتر هەیە، بۆ ئەوەی جارێکی تر تیرۆریستەکانی داعش یان چەکدارەکانی حەشدی شەعبی و پەکەکە لەم دەڤەرە ئەجیندەی خۆیان جێبەجێ نەکەن، چونکە کوردانی ئێزیدی کەمینەیەکی ئایینین و پێویستییان بە ساقامگیری هەیە لە رێگەی بڕیارێکی نێودەوڵەتییەوە بۆ ئەوەی مافیان پارێزراو بێت. من وەکو قایمقامی شنگال ئومێدم بە سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە زۆرە کە هەرچۆن بەڵێنی ئازادکردنەوەی شارەکەیان دا، هەرواش پارێزگاری لێبکەن و سەقامگیری بۆ بگەڕێننەوە و ئاوەدانی بکەنەوە. ئومێدیشم زۆرە بەحکومەتی هەرێمی کوردستان کاری جددی لەسەر ونبووەکان و رفێندراوەکانی کچ و منداڵە ئێزیدییەکان بکات و رێز لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان بگرێت و وەکو مۆنۆمێنتێك پارێزگارییان لێبکات و پرۆژەی ستراتیژیی لەناوچەکەدا جێبەجێ بکات. دەستخۆشیش لەحکومەت و یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای دهۆك دەکەین کە لە رووی رێگاوبان و شارەوانی و کارەباو خزمەتگوزارییەکانەوە کاری باشیان ئەنجامداوە، بەتایبەتی پرۆژەی ستراتیژی راکێشانی تۆڕی کارەبا لەبەنداوی موسڵەوە بۆ دەڤەرەکە، بەڵام شنگال کاولکاری و کارەساتی زۆری بەسەردا هاتووە و پێویستی بە کۆششی زۆر زیاتر هەیە.

**خەڵکی شنگال و ئیدارەی شنگال و هێزە نێودەوڵەتییەکان و کونسوڵخانەکانیان هەموویان داوایان کردووە پەکەکە شنگال و تەواوی دەڤەرەکە چۆڵ بکات، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا پەکەکە ئامادە نییە ئەم داواکارییە جێبەجێ بکات**

**ئەم هێزانەی پەکەکە چەندین پێشێلکارییان کردۆتە سەر ماڵ و موڵکی خەڵکی، بە رادەیەک گەیشتۆتە سەر رفاندنی منداڵ و کچی ئێزیدی و دوورخستنەوەیان لەدایک و باوکیان و دواتر مەشقپێکردنیان لە سەربازگەکانیاندا**